گۆشەیەدا گیرمان دەكات كە زۆرێك لەهێزە دژە ژنەكانو لەبەرامبەریشدا زۆرێك لەفێمینیستەكان تیایدا گیریان خواردووە. بۆ نمونە بۆمن ئەوەی كەژن لەڕووی بەدەنییەوە لاوازترە لە پیاو ئەمە هەر تەنها خوێندنەوەیەكی بایلۆجییەو بەتەواویی پێم ڕەفزە ئەو ئەنجامگیرییەی لێ بكرێت كەواتە ئاساییە پیاوان ژنان بەو دەردە بەرن كەبردوویانن. هەمان شت بۆمن هیچ ناگەیەنێت گەر دە نەوال سەعداوی ترم بۆ هەڵكەوێو بەبەڵگەی بایلۆجیو فەسلەجییەوە بۆم بسەلمێنێت كە" ڕەگەزی مێ ئەسڵەكەیە" چونكە بەلای منەوە لەبەر ئەوە نییە كە ژن ئەسڵەكەیە بۆیە نابێت بچەوسێندرێتەوەو دەبێت هەمان فرسەتو هەمان مافو هەلومەرجی ژیانكردنی، بەهەمان ئیحتیرامو ئیعتیبارو پایەی كۆمەڵایەتی پیاوەوە هەبێت.

زنـار: زۆرینەی ئافرەتانی كورد بەنرخترین تواناكانی خۆیان بەخشیوەتە پیاوان، كەوابێ پەیوەندیەیەك ماوە بەخودی خۆیانیانەوە بەستێتەوە..

ڕۆژا حسێن: پێدەچێت مەبەستتان ئەوە بێت كەژنی كورد هەموو تواناكانی لە خزمەتكردنی پیاوەكەیو كاری ناو ماڵدا سەرف دەكات. ئەگەر ئەمە مەبەستەكەتان بێت ئەوە وایە، بەڵام نابێت مەسەلەكە وا بخەینە ڕوو كە ئەوە ژن خۆیەتی كە ئامادەیەو دەیەوێت ئەو ڕۆڵە بگرێتە ئەستۆو لێرەشەوە بڵێین دەی مادام خۆی دەیەوێت، ئیتر ئێمە چیبكەینو بۆچی ویژدانێكی ناموڕتاحمان هەبێت. من هەستدەكەم هەر بۆ ئەم ویژدانی خۆ موڕتاحكردنەیە زۆرێكمان ئەم باسە دەكەینەوە كەژن خۆی وایدەوێت، بەڵام من ڕام وایە ژنان لەكۆمەڵگای كوردستاندا ئەوەندە لەمەوقیعییەتێكی كۆمەڵایەتی نزمدا دانراون كە زەرڕەیەك ئیحساسی ئینسانییمان تیابێت ئەوا دەبێت ناموڕتاحیی ویژدان خەو لەچاوی ئەو كۆمەڵگایە بزڕێنێت. من پێم وایە كارێكی گرنگی ئێمە ئەوەیە كە نەهێڵین كۆمەڵگای ئێمە ویژدانی موڕتاح بێت كاتێك كە ژنان تیایدا بەو پەندە دەبرێن. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تەبریكردنی پلە دوویی ژنان بەوەی كە خۆیان ڕازیین بەو مەوقیعییەتە دەبێت وەك هەوڵێكی فرتوفێڵكەرانە بۆ تەبریری كۆیلەیی ئینسان چاو لێ بكەین. من زۆر جار تەنانەت لای ژنانو ڕۆشنبیرانی داكۆكیكەر لەمافەكانی ژنانیش گوتارێكی تەبریكەرانەی وا دەبینمەوە كە بۆ نمونە دەڵێن" ژنان خۆیان هۆشیار نین" بۆیە دەچەوسێنەوە. قسەیەكی وا هیچ ناكات پاكانە بۆ كردنێكو شەرعیەتپێدانێكی پلە دوویی ژنان نەبێت، ئەگینا گەر ئێمە بەحەق ئەو زوڵمەمان پێ زوڵمە كە لە كۆمەڵگای كوردیدا لەژن دەكرێت، ئەوا گەر هەموو ژنانیش ڕوو بەڕووت بوەستنەوەو بڵێن" ئێمە ئەم ژیانەمان پێ قبوڵەو خۆمان وامان پێخۆشە" دیسانەوە هەر كاری ئێمەیە ئەو ژیانە" خۆشو ئاسودە"یەیان لێ بشێوێنینو خۆمان بۆ ئەوە هیلاك بكەین كە ژیانێكی شایستە بە ئینسانیان بۆ دابین بكەین نەك" ژیانێكی شایستە بەژیانێكی ڕۆژهەڵاتی" زۆر بەسادەیی چونكە ژن ئینسانێكە نەك " نیوە پیاو"ی خۆرهەڵاتی. ڕازیبوونی ژن بەو ڕۆڵو مەوقیعییەتی كە هەیەتی، دەبێت بەپەیوەند لەگەڵ ئەو هەلومەرجە كۆمەڵایەتیەدا سەیربكەین كە ئەو ژنانەی تیایدا"سۆسیالیزە"دەبن. مەسەلەكە بەلای منەوە ڕاهاتنە لەسەر جۆرێك لەژیانو بەرتەسكبوونەوەی چاوەڕوانییەكانی ئینسانێكە كە هەموو تەمەنی لەژیانێكی نیمچە كۆیلەدا دەیژێنێت. من ئەزانم زۆر جار ئینسان چەندەش ژیانێكی ناشایستەشی هەبێت بەڵام بەشێوەیەك لە شێوەكان دەقی پێوە دەگرێتو ئەم دەق پێوە گرتنە ئاسوودەییەكی ڕۆحیی وای بۆ دروست دەكات كەپێی قورسە بیشێوێنێو گۆڕانێك لەو ژیانەیدا بكات. ئالێرەدایە ئیشی ئێمەی بەرگریكار لەمافەكانی ژنان دێتە پێشەوە. من جارێك تێزی سیمینارێكم كە لە وڵاتی نەرویج كردم ئەوە بوو كە ئیشی ئێمە شێواندنی ئەو ئاسودەییەیە لەژیان. كاری ئێمەیە قەلەقییەكی وا بۆ ژنی كورد دروست بكەین كە بزانێت ئەو شایستە بەو ژیانە ئاسوودەو سەركزانەو پڕ لەئیهانە نییە كەهەیەتیو ژیانی ڕاقیتر لەو ژیانە هەیە كەمومكینە ئەویش هەیبێت. بۆیە لەكاتێكدا زۆرێك لەوانەی كە كار بۆ مافەكانی ژنان دەكەن لەوێدا سارد دەبنەوە كە دەبینن ژنان بەمافەكانی خۆیان ئاشنا نینو بەژێر دەستەیی قایلنو بەجۆرێك ئەو قەناعەتە عەكس دەكەنەوە كەژنان كێشەیان نییە، من ڕام وایە كە گەورەترین كێشەی ژنانی كورد ئەوەیە كە كێشەیان نییەو ئاسووده ئاسووده لەژێر ئیهانەتو چەپۆكی پاتریاركییەتدا بەژیانێكی سەركزانەو پڕ لەكۆیلەتیی ڕازین. هەر بۆیە من بەكارێكی جیدیی خۆمی دەزانم ئاسوودەیی لە ژنی كوردی ڕازیی بەچەوساوەیی بشێوێنم.

زنـار: جیاوازی نێوان ئەو ئافرەتانەی ڕۆژانە میكیاژوو جلو بەرگە ئاڵو واڵاكانیان دەكەنە دەمامكی پێشكەوتنو ئەوانەش كە پێیان دەگوترێت ژنی ماڵەوە چییە..

ڕۆژا حسێن: لەجۆری كردنی ئەم پرسیارەدا كەسێك بەئاسانی دەتوانێت نارەزاییو ڕەخنەیەك هەست پێبكات بەرامبەر بەو كچو ژنانەی كە میكیاج دەكەنو جلوبەرگی مۆدێرن لەبەر دەكەن. ئەم جۆرە ڕەخنەیە لەو كچو ژنانە تازە نییەو من ساڵانێكە دەبینم ئەم ڕەخنەیە ئەوەندەی لەو

**بەرپرسێكی بەرزی حیزبیی لەڕۆژنامەی میدیا بەشانازییەوە باس لەلێدانی جوتە ژنەكەی دەكاتو ئەمەش وەك دەرئەنجامی ئەوە لێكدەداتەوە كە ئەو " پیاوی شۆڕشگێڕو تورەیە" بۆیە ئاساییەو حەقی خۆیەتی لەژن بدات**



کەسانەوە دێت کە چاویان بەوە هەڵنایەت کە ژن هەر حسابی بەشەریشی بۆ بکرێت، زۆر زیاتر لەو کەسانەوە دێت کە لایەنگری ئیعتیبار بۆ گەڕاندنەوەو بەیەکسانکردنی ژنانن لەگەڵ پیاواندا. ڕەخنەیەکی وا تەنانەت لای نەوال سەعداویی دەگاتە ئەوەی کە بڵێت میکیاجو موحەجەبە یەك شتن. بەڵام حەقە ئێمە ئەوە بزانین کە ئەم بێزراوکردنەی میکیاجکردنو خۆ جوانکردنی کچانو ژنان تورەیی بەتاڵکردنەوەی کۆنسێرڤاتیزمی کۆمەڵگایە کە کەوتۆتە سەر زمانی ئێمە نەك ڕەخنەیەکی زانستی. من پێم خۆشە کە تۆ پرسیارەکەت بەوەوە بەستەوە کە بەراوردێکی ئەو ژنانە لەگەڵ ئەو ژنانەدا بکرێت کە کۆیلەی ناو چوار دیواریماڵەوەن. زۆرێك دەیانەوێ بڵێن کە هەر بەڕووکەش جیاوازی لەنێوان ئەو دوو جۆرە ژنەدا هەیە، ئەگینا هەر هەمان ژیانی سەر کزانە دەژین. هەر ئەوەشی کە لە پرسیارەکەی جەنابیشتدا وشەی"دەمامك" بەکار دێت، من وای تێدەگەم کە دەتەوێت بڵێیت کەجیاوازیەکە تەنها جیاوازییەکی ڕووکەشانەیە نەك حەقیقی. بەڵام من جیاوازییەکی جەوهەریی دەبینم لەنێوان ئەو دوو جۆرە ژنەدا. جیاوازی ئەو کچانەی یان ئەو ژنەی کە میکیاج دەکاتو خۆی دەڕازێنێتەوە لەگەڵ کچانو ژنانی تر ئەوەیە کە ئەم دەیەوێت ئیتر ئەو کائینە بێ ناوو بێ کەینونەو بێ ڕۆخسارو بێ وجودەی جاران نەبێت لەکۆمەڵگادا تاکێك بێت کە هەیەو کەسەو لەم ژیانەدا وەك شەخسێكو وەك کەسایەتییەك ئامادەیی هەیە. لەکۆمەڵگایەکدا کە هەوڵی گەورە هەیە بۆ ئەوەی کە ژن شەخسو شەخسیەت نەبێو هەر تەنها وجودێکی بێناوو بێڕوخساری تەنها ناو چێشتخانەو سەر نوێنی پیاوان بێت، من بەکارێکی گرنگو بەیاخیبوونێکی جوانو جەریئانەی دەزانم کاتێك کچانێك یان ژنانێك بێنو بیانەوێت بەشێوەیەك لەشێوەکان ئیسپات وجودی خۆیان بکەنو بەدوای ئەوەوە بن پشانیبدەن کە جگە لەپیاوان ئەوانیش وەك ئینسان لێرەنو لەم کۆمەڵگایەدا هەنو شەڕی ئەوە دەکەن کە ئیعتیباری " شەخس"یان بۆ دابنرێت نەك ئیعتیباری جیهازێکی کارای چێشتدروستکردنو بەرهەمهێنانو بەخێو کردنی منداڵ. کەسێك کە ئەم ئیقدامە دەکات، لەگەڵ کەسێکدا کە سەرکز کراوەو بەژیانی ماڵەوەو بەبێکەینونەیی ڕازیکراوە، جیاوازییەکی گەورەی هەیە. ئالێرەدایە کە کۆنسەرڤاتیڤەکان دەکەونە شەڕی ئەوەی ئەو ڕۆڵە تەقلیدییەی کەدراوە بەژن هەر بمێنێو ئەو ئاخر زەمانە نەیەت کە ئیتر ژن، بێ شاردنەوەی جوانیی خۆی، بێتە بازاڕو ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی خوانەخواستە دووربێ کوڕێك ئیعتیباری بەشەری بۆ دانێو لەبەر جوانیەکەی نازێکی هەڵگرێت. خەڵکی کۆنسەرڤاتیف لێرەوەیە دەست دەدەنە هەڵمەتێك بۆ بێزراوکردنی جوانیپیشاندانو خۆجوانکردنی ژنان. هەندێکیان بەلێدانو ڕێگە پێگرتنو زیندانیکردن لەماڵەوە بەر بەم " خەتەری بەشەخسیبوون"ـەی ژنان دەگرن، هەندێکیش وەك ئەمیری حزبێکی ئیسلامی شەڕکەری پیاوسالاریی لەڕۆژنامەی میدیاوە هاواری لێهەدەستێتو هێرشبەرانە بۆ پاشەکشێ پێکردنیان دەکەوێتە جنێو پێدانیانو "کچانی سفور بەسەرلێشێواو ناو دەبات"هەندێکی تریش ناڕاستەوخۆ بۆی دەچنو سەرەتا خۆیان دەکەنە لایەنگری مافی ژنانو ئینجا بەقسەی ڕووکەشانە تەفەلسوفێکی وای بۆ دێننەوە کە ئەمە پێشکەوتنو گۆڕان نییەو هەر کۆیلەییەکەی جارانە لەفۆڕمێکی تردا. ئەمەیە دەکەوێتە سەر زاری ئەو خەڵکەشی کە لایەنگری مافی ژنانو ئەوانیش هێرشی بێزراوکردنی میکیاجو خۆ جوانکردنی کچانو ژنان دەست پێدەکەن، بێئەوەی زۆر لەوە ورد بینەوە کە ئاخر ئەو بەدیلەی کە بۆ مەرحەلەی دوای پاشەکشەپێکردنی میکیاجو خۆ جوانکردنی کچانو ژنان ئامادەی نەهێشتنیانە وەك ناوو شەخسو ڕوخساری کۆمەڵایەتیو گێڕانەوەیانە بۆ ژیانو کەینونەی کەرەستەی ناو چواردیواری ماڵەوە. دیارە منیش هاوڕام لەگەڵ هەر کەسێك کە دەڵێت ژنان دەبێت بەشتی تری وەك هێزی شەخسیەتو بەشداریی فیعلیو ئاکتیف لەژیانی کۆمەڵگادا نەك میکیاجو جوانییو خۆ جوانکردن، خۆیانو ئامادەیی خۆیان بسەلمێنن. بەڵێ ئەمە حاڵەتە خوازراوەکەیە. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ڕێگاکە بەرەو ئەو دۆخە خوازراوە بەوێدا دەڕوات کە هەر هیچ نەبێت ژنان بەهەر وەسیلەیەك بێتو وجودی بەشەریین. بۆیە کارێکی نادروستە ئێمە لەم قۆناغی ئیسپات وجودەی ژناندا بکەوینە وێزەیانو بەقسەی بەڕووکەش زلی فەسلەفیی ڕەخنەی ئەو ئیقدامەیان بکەین. من پێموایە کۆمەڵگای ئێمەو بەتایبەت دۆزی ژێر دەستەیی ژنانی کورد ساڵانێكو ساڵانێکە گورزی گەورەی بەدەست ئەم هەڵمەتە کۆنسێرڤاتیڤانە

خواردووە كە زۆر جار لەسەر دەستی فیئە بەناو تەنویرییەكەی كۆمەڵگاوە بەڕێوە چووە. بۆ نمونە، بڕوانە ئێمە تەنانەت ئەو كەسانەمان كەخەریكی هونەرن‌و بڕیارە كەسی خاوەن ئیهتیمامی ڕۆشنبیریی بن، بەشێكی گەورەی گوتاری كۆنسێرڤاتیزم لەسەر دەستی ئەوان دەبرێتە پێشەوەو شەڕی بۆ دەكرێت. وەك نمونەیەكی زەقی ئەم مەسەلەیە دەتوانم بڵێم كەسێكی وەك حاجی مەكیی عەبدوڵڵا بەتەمسیلەكانی هەر لەساڵەكانی حەفتاكانەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕۆڵی گەورەی بینیوە لەبەمەسخەرەكردنی ئەو كچ‌و ژن‌و ئەو گەنجانەی كە جورئەت ئەكەن لەتەوقی كۆنسێرڤاتیزم دەرچن‌و هەندێك مەدەنیانە تەسەڕوف بكەن یان خۆیان بگۆڕن. خۆشترین نوكتەی ناو دراما تەلەفزیۆنییەكانی ئێمە تا ئێستاش ئەو لەقتانەن كە بۆ نمونە باوكێك مەخسەرە بەلاجان درێژكردنەوەی كوڕەكەی دەكات، یان سەر دەكاتە سەر گەنجێك كە زنجیرێكی لەمل كردووە یان كچێك كە لە دائیرە ئیشدەكات یان ژنێك كە"دەمی هارە" و ئیتر ئەم نوكتە بێتامانەی كۆنسیرڤاتیزم لەحەفتاو هەشتاكانەوە هەر تامی ماوەو ئێستاش كۆمەڵگای كوردیی لەقاڵب دەدات‌و ناهێڵێت لەپێستی خۆیدا بجوڵێتەوە.

زنــار: ئافرەتی ڕەچە شكێن كێیە؟.. ئێمە خاوەنی ئافرەتانێكی لەو چەشنە هەین؟.. ئایا ڕێكخراوەكانی پەیوەست بەپرسی ئافرەتان لەكوردستاندا هەرگیز بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاویان گرتووە..

ڕۆژا حسێن: خۆزگە بۆ منت بەجێنەدەهێشت ئەوە دەستنیشان بكەم كە ڕەچەشكێنیی چییە. گەر تۆ پێشوەخت ستانداردێكی وام نەدەیتە دەست كە ڕەچەشكێنیی چییە، من ناتوانم قسەیەك لەسەر ئەوە بكەم كە ئایا ئافرەتی ڕەچەشكێنمان هەیە یان نا. بۆ نمونە ڕەچەشكێنیی لەچی بوارێكدا؟ تۆ هەر یەكسەر بەدوایدا باسی ڕێكخراوەكانی ئافرەتان‌و ژنانی كوردستانت هێنایە پێش. گەر ڕەچەشكێنی لای تۆ هێنانە ئاراوەی ئیقدامی" ناباو"ە ئەوە من پێم خۆشە وەك وەڵام ئایرۆنییانە بڵێم كەبەڵێ ئەو ڕێكخراوانە هەنگاوی گەورەیان بەئاڕاستەی ڕەچەشكاندندا ناوەو ئیقدامی زۆر ناباویان لێوە سەر هەڵدەدات. من پێم وایە ئەو ڕێكخراوانە گەورەترین ڕەچەیەك شكاندبێتیان ئەوەیە كەبەناوی كار كردن بۆ خستنە سەر پێی بزوتنەوەی ژنان، كاری كارا بۆ ئیفلیجكردن‌و زەلیلكردنی ئەو بزوتنەوەیە لەبەر دەست حیزبەكاندا دەكەن. ئەوان حیزب دەورو دوكانێكی بۆ داناون‌و ئیتر لەوێدا كاری ئەسڵی هەر كار كردنە بۆ خزمەتی حیزب نەك كارێك لەسەر ژێر دەستەیی ژنان. بەلای منەوە ئەوە ڕەچە شكێنییە كە سكرتێری پێشوی ڕێكخراوی ئافرەتان بەرنامەی ڕێكخراوەكەی نەخوێندبوەوە كاتێك سەركردایەتی حیزب كردی بەسكرتێریی ئەو ڕێكخراوەیە. ئەوەش ڕەچەشكێنییە كە خۆی دێت‌و بێ منەت‌و بێ ترس لەڕەخنە، ئەم شتە لەڕۆژنامەوە باس دەكات. هەرچی ژنانی دەرەوەی ئەم ڕێكخراوانەشە ئەوا من هەر دیسانەوە پێموایە كە ژنی ڕەچەشكێنمان نییە، زۆر بەسادەیی چونكە بزوتنەوەی ژنان خۆی تا ئێستا ڕەچەیەكی نەشكاندووە تا بڵێین ئەوە كێ كردی‌و كێ شكاندی. دیارە من ئەمە بەداخ‌و حەسرەتێكەوە ئەڵێم بەڵام واقیعیەت ئەوەیە كەكاركردن بۆ یەكسانی ژن‌و پیاو لە كوردستاندا بەخاوییەكی شەرمەزاركەرەوە دەچێتە پێشەوە. سەیركە ساڵانێك‌و ساڵانێكە لە كۆمەڵگای ئێمەدا دەسەڵاتداران‌و ژنانی ناو ڕێكخراوەكانیان هەر دەیهێنن‌و دەیبەن ئێستاش نەیانتوانیوە یاسایەك بۆ قەدەغەكردنی خەتەنەی كچان بڕیار لەسەر بدەن. من پێموایە دەسەڵات‌و ئینجاش هەموو دەست‌و پێكانی دەسەڵات ساڵانێكە بەو بێدەستی‌و خاوە خاوەیان جەریمەی گەورەیان دەرهەق بەژیانی ملیۆنان كچ‌و ژنی كوردستان كردووە. لای ئێمە تا ئێستاش نەتوانرا باخچەی ساوایان بكرێتە دەزگایەك كەوجودێكی بەرچاوی لەكۆمەڵگادا هەبێت تا بڕێك دەستی ژنان ئاوەڵا بكات بۆ دەرچوون بۆ ناو كۆمەڵگاو بۆ كار كردن، كەچی دەچن بەبێ پرسی هیچ كەسێك ملیۆنان دۆلار لەدوو فیلمی چەند سەعاتیدا سەرف دەكەن كەڕەنگە لەبنەمادا هیچ نەبێت‌و نەهێنێ. من چەند جارێ لێرەو لەوێ وتوومە كە ئەم خاوەخاوەی دەسەڵاتدارانی كوردستان لەچاككردنی وەزعی ژێر دەستەیی ژناندا كارێكی كوشندەیە كە قابیلی قبوڵ نیە. من پێم وایە كوردستان دەتوانێت لەناوچەكەدا ڕەچەشكێن بێت‌و ئێستا زەمینە لەبارە ڕیفۆرمی وا پڕ مانا لەژیانی ژناندا ڕاگەیەنێت كە لەهەموو ناوچەكەدا ببێتە جێگەی شنازیی بۆی‌و ساڵانێكی تر ئەمەی بۆ ببێتە مێژوویەك. بەڵام ئەوەی من تەواو بێتاقەت دەكات ساردو سڕیی‌و خەمساردیی دەسەڵاتداران‌و ئینجاش ژنانی ناو بزوتنەوەی ژنانە لەئاست ئەو خاوەخاوەدا. كێشەی گەورە ئەوەیە كەلەپاڵ ئەم خاوەخاوە، لەكۆمەڵگادا جەریمەی گەورە دەگوزەرێت. ڕۆژانە كچان بەزۆر بەشوو.. ڕۆژانە لەخوێندن دەردەكرێن .. هەزارانیان بەمناڵی دەدرێن بەشوو هەزارانیش بەدەست قەیرەییەوە ژیانیان گرێی خواردووە .. هەزارانیان خەتەنە دەكرێن .. ملیۆنانیان لێدەدرێن‌و لەژێر ئیهانەی بەردەوامدان .. لەناو خێزاندا لەسەر دەستی باوك‌و براكانیان ژیانێكی وا تاڵیان بۆ دروستكراوە كە جگە لە خۆكوشتن مەنفەزێكی تریان بۆ نەهێڵراوەتەوە .. هەزارانیان ڕۆژانە تەحەڕوشیان پێ دەكرێت .. هەموو ئەمانە دەگوزەرێن‌و كەچی ئەندامانی پەرلەمان وەك ئەوەی هەموو شتێكیان تەواو كردبێت، بەدەم باوێشك‌و جارجار سەر خەو شكاندنەوە خەریكی موناقەشەی ئەوەنك كە ئایا میللەت جگەرە بكێشێت باشە یان نا.

زنــار: ئێمە بەكۆی پێكهاتە سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و فرە ڕەهەندەكانی ترەوە درێژكراوەی داب‌و نەریت‌و كولتورێكی وەستاوین، باوەڕ ناكەی هەموومان قوربانی ئەو بارە نەگۆڕە بین، كەوابێ دەبێ لەكوێوە دەست پێبكەین..

ڕۆژا حسێن: سوپاس بۆ ئەوەی كەدەستەواژەی"كولتورێكی وەستاو"ت هێنا. بەڵێ كولتوری ئێمە ئەوەندە لەگۆڕان دەترسێ، بێ دوو دڵیی ئەتوانین ناتۆرەی"كولتورێكی وەستاو"ی لێ بنێین. ئەوەی كەهەموومان قوربانی دەستی ئەو بارە نەگۆڕە بین، بەڵێ‌و ئەمە لە"بەڵێ"یەكیش زیاتر هیچ وەڵامێكی تر هەڵناگرێت. ئەوەشی لەكوێوە دەست پێبكەین، من ڕام وایە كەخاڵی دەستپێكردنی ئەسڵیی ئەوەیە كە ئەو حەقیقەتە بزانین كە كولتور دیاردەیەكی وەستاوو لەقاڵبگرتوو نییەو دەگۆڕێت‌و مومكینە بگۆڕدرێت‌و مومكینیشە زۆر بەخێرایی گۆڕانی گەورەو دراماتیكیی تیا بكەین. بەڕای من لەپاڵ زانینی ئەم حەقیقەتەوە كۆمەڵگای ئێمە تەنهاو تەنها پێویستی بەیەك شتی تر دەبێت كە ئەوێش یەك كەمێك جورئەتی گۆڕانكاریكردنە.

زنــار: دواپرسیار، تۆ وەك كچە كوردێك، ببورە گەر بپرسم تا چەند لەئافرەت بوونی خۆتان ڕازی یان پەشیمانیت..

ڕۆژا حسێن: ئازیز ئەو پرسیارە داوای لێبوردن‌و حەزەركردنی ناوێت چونكە من قەت پەشیمان یان بێتاقەت نیم لەوەی كە كچم، بەڵام تورەم لەوەی كەمن‌و ملیۆنانی بەهۆی ئەوەوەی كە سەر بە ڕەگەزی مێینەین، وەك ئینسانێك كۆمەڵگا هێرشی گەورەی كردۆتە سەر مافەكانمان‌و دەیەوێت كۆیلەیەك بین كە بۆ خۆشكردنی دنیای ڕەگەزەكەی تر خولقابین. بۆیە تەڕەفێك هەبێت كەدەبێت لەم نێوەندەدا پەشیمانی بكێشێت من‌و كچانی تر نین بەڵكو ئەوە كۆمەڵگایە كە دەبێت پەنجەی خۆی بگەزێت لەو هەموو زیادەڕۆییەی كردی‌و دەیكاتە سەر كەرامەتی ئینسانیی ئێمە. ئەگەریش كۆمەڵگای ئێمە تا ئێستا نازانێت چی جەریمەیەكی گەورە دەكات‌و ئامادە نییە پەشیمانیی‌و پاشگەزبوونەوە پیشان بدات، ئەوا گرنگە كار بۆ هێنانی ڕۆژێك بكەین كە كۆمەڵگای پاتریركیی كوردیی ئێستامان پەشیمان بكەینەوە لەوەی كە ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاو بوو.

# کردنەوەی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لەهەولێر روداوێکی سادە نیە..!



هەندرێن شێخ راغب

لەگەڵ کردنەوەی بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لەهەولێر، حکومەتی هەرێم کەوتە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی هێجگار گەورەوە، هەر لەپاراستنیو بەرێوەبردنی هەرێمو مامەڵەی یاساییو دامەزراوەیی تاوەکو بچوکترین هەڵسوکەوتی رۆژانەی هاوڵاتیەك، چونکە نەتەوە یەکگرتوەکان دنیایەك دەزگای زەبەلاحی جۆراوجۆری هەیەو ئامارو توێژینەوەو راپۆرتی نێودەوڵەتی هێجگار گرنگ لەئاستێکی فراوان بلاودەکەنەوە.

ئەگەر نەتەوەیەکگرتوەکان راپۆرتێك دەربارەی رەوشی هەرێم بەخراپو نادیموکراسیو نایاسایی بلاوبکاتەوەو باسی پێشێلیو توندوتیژی یان هەر بابەتێکی دی بکات! ئەوا لەئاستی نێودەوڵەتی متمانەی هەرێم لاواز دەکاتو یەك دنیا کەناڵی دژایەتی بەدنیایەك رەنگەوە لەبەرامبەر حکومەتو هەرێم دەکاتەوە کە هێزی ئەوەمان نیە بەرەنگاریان بینەوە.

ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە لەئاستی ناوخۆدا لەناو جەماوەردا پشتشکێن دەبێت، نەتەوە یەکگرتوەکان لەهەولێرەو راپۆرتی خۆی دەبێت لەسەر کوشتنو تیرۆری ژنان، داخستنی رۆژنامەو ئەشکەنجەدانو گرتنی رۆژنامەنوس، لەسەر خراپی خزمەتگوزاری، لەسەر دیموکراسیو هەڵبژاردنی پەرلەمانیو خوێندکارانو سەندیکاو دەزگاکانی دی، قسەی دەبێ لەسەر ئازادیەکانی تاك، لەسەر رەوشی ژینگە، ئاوەدانی، سێکس، هەژاریو نەداری، راپۆرتی دەبێ لەسەر پەروەردەو خوێندن، گەندەڵیو تەنانەت بچوکترین شت...

حکومەتی هەرێم دەبێت لەدوای کردنەوەی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان بەرەو یاساو دامەزراوەو رێزگرتن لە تاكو دیموکراسیو ئازادی رادەربڕینو تەواوی لایەنو گروپەکان هەنگاوی زۆر جددی بنێت، ئەوان لێرە نەبون کە راپۆرتیان لەسەر تەزویری هەڵبژاردنو خراپی ژیانی رۆژنامەنوسانی کوردستانو ئاسایشو پۆلیس بەوردی بلاودەکردەوە، ئەدی ئێستاکە لەناو قوڵایی کوردستانن، رۆژانە دەمانبینینو بلاوکراوەو راگەیاندنو هەڵسوکەوتمان لەبەرچاویانەو دەخوێننەوەو ئاسان دەتوانن وردترین بەڵگەنامە چاودێری بکەن چونکە ئەوان دەتوانن دەرگای زۆر لەسەر ئێمە بکەنەوەو کێشەش ئەوەیە بلاوکردنەوەی زۆر دەرگای دیکەمان لەرووی دەکاتەوە کە خزمەت بەئەزمونەکەمان ناکەن.

لەرۆژانی داهاتوودا، ئەگەر خوانەخواستە هەر راپۆرتو لێدوانو ئامارێکی خراپی لەسەر رەوشی هەرێم بڵابکەنەوە، ئەوا لەناو عێراقدا قسەمان کورت دەکات، لەدەوروبەریش پڕوپاگەندەی ترسناکمان لەدژ دروست دەکات، لەئاستی نێودەوڵەتیو ئەوروپاو وڵاتە دیموکراسیەکان، زۆر وێنەی خراپمان بۆ وێنا دەکاتو یارمەتیو هاوسۆزیمان کەم دەکاتەوە.

بەلام پێچەوانەکەشی سەد دەر سەدە، کاتێك راپۆرتێك باش بوو لەسەرمان ئەوا دەکات پڕوپاگەندەی خراپو ناواقیعی لەسەر ئێمە رەش دەبنەوە، یارمەتیو هاوسۆزیو کۆمەکی گەورەمان بۆ دروست دەکات لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکانەوە.

نەتەوەیەکگرتوەکان رێزی لەئێمە گرتو متمانەی پێکردینو هات بارەگای لەپایتەختی هەرێم کردەوە، دەبێ کوردیش لەئاست ئەو رێزو ئەو متمانەیە بێت، نابێت لەسەر ئاستی کێشەی نەتەوایەتی خۆیدا هیچ جۆرە خۆ لەیادکردنەوەیەکی لێ رووبداتو بتوانێت لەرێگای نەتەوە یەکگرتوەکانەوە قەناعەتی نێودەوڵەتی پتەو لەسەر خۆی دروست بکاتو کێشەی نەتەوایەتی هەنگاوی گەورەو پرۆسەی دیموکراسیش لەکوردستان پێشکەوتنی گەورە بەخۆیەوە ببینێت.

# ناپاکی هاوسەری

**راپۆرتی: هەڵگورد**

ناپاکی هاوسەری لە سادەترین پێناسەیدا دروستکردنی پەیوەندیەکی ناشەرعیە لەلایەن هەر یەکێك لە ژن‌و مێرد لەگەڵ کەسی سێهەمداو خراپترین ئەو ناپاکی‌و پەیوەندیە پەیوەندی سێکسیە. ئەو دیاردەیە لەناو تەواوی نەتەوەکان بە پلەی جۆراوجۆرو لێکدانەوەو تێگەیشتنی جیاوازو ژینگەو راددەی رۆشنبیری کۆمەڵگا بوونی هەیە، دیاردەی ناپاکی لەکۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتدا پێناسەو تێگەیشتنێکی جیاوازی هەیە لە کۆمەڵگای رۆژئاوا، لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان کە پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان‌و تێگەیشتن‌و لێکدانەوەی چەمکی ئەو پەیوەندیەو ناپاکی کردن پێیان لێکدانەوەو تەفسیری تایبەتی هەیە، ناپاکی هاوسەری کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان هەیە، زۆر پسپۆری بواری کۆمەڵناسی پێیان وایە کە ناپاکی هاوسەری وەکو مۆرانە بە جەستەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا رۆدەچێتە خوارەوەو ئاکامەکەی پەروەردەیەکی فاسیدی رۆڵەو نەوەو وەچەکانی ئەو خانەوادەیەدەبێت کە لایەنێك لەلایەنەکانی (ژنەکە بێت یاخود پیاوەکە)تووشی ئەو جۆرە ناپاکیە ببێت. لەوماوەیەدا لە وڵاتی بەریتانیا پرۆفیسۆر تیم سبکتۆر لە یەکەی توێژینەوەکانی نەخۆشخانەی سان تۆماس لەلەندەن رایگەیاند کە بەڵگەی ئەوەی لایە کە کرۆمۆسۆمێکی بەرپرس لە ناپاکی لەمرۆڤدا بوونی هەیە، هەڵبەتە زۆ پسپۆرێش پێیان وایە کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان رۆلیان لە دروستبوونی ئەو دیاردەیە لای کەسەکان هەیە. ئەوەی تاکو ئێستا زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە ئەو دیاردەیە بە یەکێك لە گەورەترین گرفتە دەروونی‌و کۆمەلایەتیەکان دەژمێردرێت، لەگۆڤاری زنار بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەو دیاردەیەو هۆکارەکانی لەو راپۆرتەماندا ئەو بەرێزانەی خوارەوە بەو شێوەیە بۆمان دوان.

سەبارەت بە ناپاکی هەرکامێك لەهاوسەران خاتوو﴿ش.م.م﴾ پێی وایە" ناپاکی تەنها ناپاکی جەستەیی‌و سێکسی نیە، بەڵکو هەر جۆرە پەیوەندیەك سنووری شەرع ببەزێنێ بەناپاکی بەرامبەر بە ئەوی دیکە لەقەڵەم دەدرێت" بەرای خاتوو﴿ش﴾ هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی ژن یاخود مێرد ناپاکی بەرامبەر ئەوی دیکە بکات‌و تەنها یەك هۆکار نیە بەلای ئەو خاتونەوە لاوازی بیروباوەڕی ئاینی یەکێك لە هۆکارەکانی ناپاکی هاوسەریە وێرای هۆکاری دیکە وەك" نەبوونی متمانە لەنێوان هاوسەران، نەمانی لێکتێگەیشتن‌و چارەسەرنەکردنی گرفتەکانی خێزان بەگفتوگۆ...... چەندین هۆکاری دیکە". بەلای کاك هاوڕێ گرنگترین هۆکارەکانی ناپاکی هاوسەری بریتیە لە" ناهاوسەنگی دەروونی‌و سۆزداری نێوان ژن‌و مێردو لاوازی سێکسی لای یەکێك لە هاوسەران‌و تێرنەکردنی غەریزەکانی ئەوی دیکە"ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی ناپاکی هاوسەری روودەدات کە بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زیاتر لە لایەن پیاوانەوە دەکرێت بەرامبەر بە ژنەکانیان.. خاتوو سەمیرە.م ئەویش پێیوایە "لایەنی پەروەدەیی بەتایبەتی لەناو خێزاندا رۆڵی گرنگ دەبینێ لە دروستبوونی کەسایەتی هەر تاکێك بە نێرو مێیەوە بۆیە لایەنی ئەخلاقی‌و ناپاکی کردن بەرامبەر بە یەکتری دەکرێت هەر لەخودی خانەوادەوە زەمینەی بوون‌و نەبوونی فەراهەم بکرێت، بەو واتایەی پەروەردەی راست‌و دروست دەتوانێت رێگر بێت لە لادان‌و ناپاکی کردن".

سەبارەت بەوەی کە ئایا زانستی دەرونناسی چۆن دەڕوانێتە خیانەت‌و کاریگەریەکانی بەسەر تاك‌و کۆمەلگاوە مامۆستا یوسف عوسمان حەمەد پسپۆری دەروونزانی دەڵێت" لەرووی سایکۆلۆژییەوە چەمکی ناپاکی هاوسەری لە دیدێکەوە بۆ رەهەندەکانی دەگۆرێت‌و بەپێی پێوەری کۆمەلگاو ئاین‌و ناوچەو کلتورو، رەهەندەکانی ئەو ناپاکیە دەگۆرێت لە کلتوری ئێمەدا قسەکردن‌و نامە نوسین‌و نووکەی مۆبایل خراوەتە بازنەی ناپاکی هاوسەری‌و تاپلەی کوشتن‌و تەلاق دان، بەڵام لەرووی زانستی دەروونییەوە واتە نەبوونی متمانەو باوەر بەیەکتری کەبونی هەندێك نهێنی شاراوە لە هەردوولا گومان کردن لە رەفتارەکانی رابردوو ئێستا، کە دەچێتە پێناسەی رەوشتی لادەر بۆیە ناپاکی واتە لە یەکتر حالی نەبوون‌و پێکەوە نەژیان بوونی خاڵی گومان لەیە کتری" مامۆستا یوسف هۆکارکانی ناپاکی دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند خاڵێکو دەڵێت"هۆکارەکانی ناپاکی هاوسەری لە هەردوولا لە رووی دەروونیەوە بریتیە لە﴿ بەنابەدلی هاوسەر درووست کردن واتە بەزۆر خێزان درووستکردن، نەبوونی سۆزو خۆشەویستی‌و لەیەکتر نەگەیشتن، بوونی چەپاندنی سێکسی‌و تێرنەکردنی حەزەکانی بایۆلۆژی هەردوولا، دەخالەت کردنی لایەنی سێهەم بۆ ناو نهێنیەکانی خێزان، ژن هێنان لە تەمەنێکی گەورە، واتە پیاوێکی بەتەمەن کچێکی بچووك دەهێنێ، هۆکارەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن‌و میدیای سێکسی، فشاری کۆمەلایەتی‌و نادادوەری باری ئابوری‌و نەمانی هاوسەنگی ئارامەو رەوشی خەراپی ئاسایش، رێز نەگرتن لە یەکتری‌و بەکار هێنانی توندوتیژی لە نێوان هەردووکیان، نەبوونی رۆشنبیری هاوسەر گیری‌و کلتوری نێر سالاری‌و رەوشی کۆمەلگا﴾.

لەبارەی هەندێك لێکۆڵینەوە کەپێیان وایە جینی بۆماوەیی لە مرۆڤدا هەیە بەرپرسە لەو حاڵەتە، یاخود ئامادەیی کەسەکە خۆی بۆ خیانەت زەمینەی کارەکە خۆشدەکات مامۆستا یوسف پێی وایە "بۆچونێکی زۆر لاواز هەیە کە ناپاکی‌و نێر بازی‌و هۆمۆسکسوایل پەیوەندی بە جینات (کرۆمۆسۆمەکان)هەبێت زانای بۆماوە بەتایبەتی (ماکس هوبل) باس لەوە دەکات کە نێربازی(٢٠٪) دەگەرێتەوە بۆ حالەتی بۆ ماوەیی، ئەمەش باسێکی ترە٠٠٠٠دواتر سەبارەت بەوەی لەکۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتدا خیانەتی پیاو لەژنەکەی بەچاوێکی دیکەو تێروانینێکی دیکەوە سەیر دەکرێت وەك لە خیانەتی ژن لەپیاوەکەی‌و بۆ؟، مامۆستا یوسف دەڵێت﴿لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی دا لەبەر ئەوەی هێز لە دەستەلاتی نێرسالاری دایە ناپاکی هاوسەری باجەکەی دەکەوێتەسەر ژنەکە ئەو دەکەوێتە بەردەمی چەقۆ، پیاوەکە لە ناخۆشترین حالەتدا بە پارە خۆی دەکرێتەوە، یاخود خوشکێکی یان کچێکی خۆی دەکاتە باجی ئەو ناپاکییە، بەلام رۆژهەلات ئەوەی فێرکردین کە رەوشتی توندوتیژمان هەبێت بەرامبەر ژنەکانمان، لەکاتی بچوکترین گومان ئەگەر بەقسەش بێت بۆمان هەیەو دەسەلاتی ئەوەمان هەیە بەپێی فەلسەفەی رۆژهەلاتی ژنەکانمان سەربرین‌و بیان کوژین، پیاویش کەهۆکاری سەرەکی ئەو ناپاکیەیە بە سەلامەتی لێی دەردەچێت" دواجار مامۆستا یوسف پسپۆری دەرونزانی لە بارەی ئامارێکی تایبەت بە دیاردەی ناپاکی هاوسەری لەشاری هەولێر گوتی" بەپێی ئامارەکانی هەولێر لە سالی ٢٠٠٦ رێژەی ٤٣٪ تەلاق لەسەرناپاکی هاوسەری بووە ، ( ٣٨ ) ئافرەت کوژراون لە سەر ناپاکی هاوسەری‌و ( ١٣٦) سولحی عەشائیری



کراوە لە نێوان دوو لایەن بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی ناشەرعی لە گەڵ هاوسەری ئەویترو ( ١٣ ) ئافرەت گیراون لە سەر ئەو کارە کەلەلایەن مێردەکانیان هەرەشەی کوشتنی لێکراوە بە تۆمەتی بونی پەیوەندی ناشەرعی لە گەڵ کەسێکی دیکەدا"

زۆر جار ناپاکی یەکێك لە هاوسەران دوای ئاشکرابوونی کارەساتی تراژیدی لێکەوتۆتەوەو لە سادەترین کاردانەوەیدا پەنابردن بوە بۆدادگاو کۆتایی هێنان بووە بە ژیانی هاوسەریو سەرگەردان بوونی منداڵەکانیان بووە. بۆ زانینی لایەنی یاسایی ئەو دیاردەیە چەند پرسیارێکمان روبەڕووی مافناس«سالح ئەحمەد عەبدوللا» کردەوە، سەبارەت بە پێناسەی هاوسەریو ناپاکی هاوسەری لە یاسادا گووتی" هاوسەرگیری وەك یاسای باری کەسێتی پێناسەی کردووە، گرێبەستێکە لەنێوان پیاوو ژنێکدا کە لە رووی شەرعەوە بۆ یەکتری بشێن، بە مەبەستی پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەشی یەکگرتوو وەچەخستنەوە. هەرچەندە هیچ کامێك لە یاسای (باری کەسێتی)و (سزادان) پێناسەی خیانەتی هاوسەرییان نەکردووە، بەڵام وەك لە مادەی (٣٧٧) لە یاسای سزادان دەردەکەوێت، مەبەست لە خیانەتی هاوسەری (زنا)یە واتە ئەنجامدانی تاوانی (زنا) لەلایەن ژنو پیاوێکەوە کە هەردووکیان یان یەکێکیان هاوسەری هەبێتو ئەوی تریشیان بزانێت کە بەرامبەرەکەی هاوسەری هەیە. لە یاسای باری کەسێتی وەك لە مادەی(٤٠) برگەی (٢) دا هاتووە هەریەك لە ژنو مێرد مافی ئەوەیان هەیە داوای جوودا بوونەوە (التفریق) بکەن لە دادگای باری کەسێتی، هەرکاتێك هاوسەرەکەی خیانەتی هاوسەری ئەنجامدا".

دەربارەی ئەوەی کە زۆرترین ئەو داوایانەی لە دادگاکانی کوردستان لەسەر ناپاکی هاوسەری تۆماردەکرێن لەلایەن کام رەگەزەوەیە گووتی" هەرچەندە لەوانەیە خیانەتی هاوسەری پیاوان زیاتر بێت لە خیانەتی ژنان، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی کات ژنان داوا یان سکاڵا لە دژی پیاوەکانیان تۆمار ناکەن. ئەگەر تاوانی خیانەتی هاوسەریشیان ئەنجامد دابێت بەهۆی باروودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری، بۆیە ئەو داواو سکاڵایانەی پیاوان (مێرد)ەوە تۆمارکراون لە دژی ژنەکانیان بەهۆی خیانەتی هاوسەری زیاترە لەو داواو سکاڵایانەی کە لەلایەن ژنان کە لەلایەن ژنان لەدژی مێردەکانیان تۆمارکراون".

سەبارەت بەوەش کە ناپاکی کام رەگەزیان کاریگەری زیاتری دەبێت بەسەر تاكو کۆمەڵگاوە مافناس« سالح ئەحمەد» دەڵێت" بەڕای من خیانەتی هاوسەری لەلایەن هەرکامێك لە دوو رەگەزەکە ئەنجام بدرێت هەمان کاریگەری سلبی بەسەر تاكو کۆمەڵگاشەوە بەجێ دەهێڵێ". بەڵام وادیارە یاسا تێروانینێکی دیکەو جیاوازی هەیەو سزای هەریەك لە ژن یاخود پیاو جیاوازە لەوەی دیگەیان ئەگەر هاتوو ناپاکی ئەنجامدا لەوبارەشەوە مافناس «سالح ئەحمەد» دەڵێت" یاسای سزادانی عێراقی سزای(حبس)ی رەهای داناوە بۆ هەر کامێك لە دوو رەگەزەکە ئەگەر خیانەتی هاوسەرییان ئەنجامدا، تەنانەت ئەگەر یەکێك لەدوو رەگەزەکە هاوسەریشی نەبێت لەکاتی رووداوەکەدا بەڵام بە مەرجێك بزانێت کە رەگەزی بەرامبەری هاوسەری هەیە. بەڵام لە یاسای سزادانداا، جیاوازی لەنێوان دوو رەگەزەکە واتە(ژن)و(مێرد) لەوەدایە کە (ژن) بە سزای(زنا) سزا دەدرێت جا ئەگەر تاوانەکە لە ماڵی خۆیدا ئەنجام بدات، یان لە شوێنێکی دی، بەڵام پیاو(مێرد) سزدا نادرێت. ئەگەر لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا (ماڵی هاوسەر)ی تاوانەکە ئەنجام بداتو ئەو ئافرەتەش کە تاوانەکەی لەگەڵیدا ئەنجام داوە لە ژیانی هاوسەرێتی دانەبێت واتە(کچ)بێتو تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت یان (بێوەژن) بێتو تاوانەکەش لە شوێنە گشتیەکان ئەنجام نەدرابێت. دەبێت باس لەوە بکەین کە هیچ کارێکی یاسایی سزای بەرامبەر هیچ کامێك لە دوو رەگەزەکە ئەنجام نادرێت، ئەگەر هاوسەر خۆی سکاڵا لەدژی هاوسەری خیانەتکار تۆمار نەکات، لەماوەی (٣)سێ مانگدا لەو رۆژەوەی کە زانیویەتی هاوسەرەکەی خیانەتی لێ کردووە".

دەربارەی رووداوێکی سەیری ناپاکی کە لەژیانی وەزیفیدا وەك مافناسێك بینیویەتی گووتی" بەشی هەرەزۆری تاوانەکانی خیانەتی هاوسەری لە دادگا تۆمار ناکرێن، بەڵام لەم رووداوانەی کە لەتەمەنی وەزیفی خۆمدا بینیومەو جێگای سەرسوڕمان بووە، خیانەتی پیاوێك بوو لەگەڵ ژنی کورەکەی خۆیدا واتا خیانەتی خەزورێك لەگەڵ بووکەکەی خۆیدا لە کاتێکدا کە کوڕی پیاوەکە(قاصر)بوو واتا تەمەنی (١٨)هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو لەگەڵ ئەوەشدا کابرا خۆی بەتاوانبار نەدەزانیو پەشیمان نەبوو لەو تاوانەی کە ئەنجامی دابوو".

## وتوێژێك لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم رەمەزان

# بڵاوکراوەی "بڵێسە" لە ساڵی ١٩٤٤ لەرانیە دەرچووە

سازدانی: جوتیار تۆفیق هەورامی- سوید

مامۆستا ئیبراهیم کوڕی رەمەزان کوڕی ئیبراهیمەو بنەماڵەکەیان لە زاخۆ بە (النجار)ناسراوە. لە ١٥/٣/١٩٢٣ لە گەڕەکی (گوندك) لە شاری زاخۆ لە دایك بووە. ساڵی ١٩٣١ خراوەتە قوتابخانەو لە ١٩٣٦دا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٣٧ بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چووەتە موسڵو ئامادەییو ناوەندی لەوێ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٢ لە بەغداد بەشداری خولێکی پەروەردەیی کردووەو سەرکەوتوانە تەواویکردووەو بڕوانامەی مامۆستایی وەرگرتووە. لەسەر پێشنیاری مامۆستا رەفیق حلمی کە ئەودەمە (مفتش العام لمنطقة الشمالية الشرقية)بووە، نێردراوە بۆ رانیەو لە ٢٠/١١/١٩٤٢دا بووەتە بەڕێوەبەرو گۆڕانکاری لە قوتابخانەکەدا کردووەو گوژمو تینێکی زۆری پێداوە. سێ ساڵ لەو قوتابخانەیە بەردەوام کاری کردووەو لەنێو خەڵکی رانیەو دەوروبەریدا جێی خۆی کردۆتەوەو زۆر رێزدارو خۆشەویست بووە. لە مانگی دیسێمبەری ١٩٤٥دا لەسەر داوای خۆی رانیە جێدێڵێتو بۆ مەخموور باردەکاتو دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ئەوێ. پاشتر بەهۆی جموجۆڵی سیاسیەوە لە کارەکەی دەردەکرێتو دواتر لە کۆمپانیای نەوت دەبێتە فەرمانبەرو چەند ساڵ بەو کارەوە دەگوزەرینێت. پاشان جارێکی دیکە دەبێتە مامۆستا، تا ساڵی ١٩٧٢ لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بەغداد دەست بەخوێندن دەکات. لە ١٩٧٦دا خوێندنی زانکۆ تەواو دەکاتو دەبێتە پارێزەرو ١٨ ساڵ بەو کارەو خەریك دەبێت. لە ساڵی ١٩٩٤ەوە خۆیو خێزانەکەی لە وڵاتی سویدو لە نزیك شاری ستۆکهۆڵم دەژین. مامۆستا ئیبراهیم رەمەزان شارەزایی لە زمانی کوردیدا هەیەو زۆر بایەخ بە گراماتیکی کوردیی دەداتو لەم بوارەدا چەند بەرهەمی هەیە کە هەندێکیان چاپکراونو ئەوانی دیکەشی هێشتا لای خۆی ماونەتەوەو بەردەوام کاریان تێدا دەکات.

ئەم وتوێژە لەچەند کاتو شوێنی جیاجیادا ئەنجام دراوە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی ١٣/١/٢٠٠٣. پاش ئەو دیدارە چەندین جاری دەیکە پێکەوە دانیشتووینو قسەو باسمان کردووە. هەروەها بە نووسراویش هەندێك پرسیارم ئاراستە کردبوو، رۆژی ٢١/٢/٢٠٠٤ وەڵامەکانی بەدەستیو بە نووسراوی دامێ. رۆژی ٢٠/٥/٢٠٠٦و رۆژی ١٥/٧/٢٠٠٦یش یەکتریمان بینیو سەبارەت بە گەلێك باسو رووداو وتوێژمان کرد. ئەمەی لێرەدا بڵاودەکرێتەوە، بەشێکی کەمە لەو وتوێژەی کە بە درێژایی ئەم سێ ساڵە لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم رەمەزان سازمداوە.

پ: سەرەتای دەستبەکاربوونت وەك مامۆستا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

ئیبراهیم رەمەزان: پاش ئەوەی کە بڕوانامەی مامۆستاییم لە بەغداد وەرگرت، چووم بۆ کەرکوكو بۆلای مامۆستا (رەفیق حلمی) ئەو دەمە ئەو (مفتش العام)ی (المنطقة الشمالية الشرقية) بوو. گوتی: قوتابخانەی رانیە زۆر وێرانەو وا وردە وردە قوتابیەکانی بەجێی دەهێڵن، کارێکی زۆر باشە کە تۆ بچیت بۆ ئەوێو تینو وزەیەك بکەیتەوە بەبەر قوتابخانەکەدا. منیش زۆر بە خۆشحاڵیەوە داواکەیم قبوڵکردو رۆژی ٢٥/١١/١٩٤٢ لەرانیە دەستم بەکارەکەم کرد. ئەودەم هەموو قوتابخانەکە (٢٥) قوتابی تێدابوو. لەبەر ئەوەی مامۆستایەکی تەمبەڵو بێ توانا شیرازەی قوتابخانەکەی تێکدابوو، من بە هاوکاری دوو مامۆستای دیکە کە یەکێکیان ناوی(ئیسماعیل سەرهەنگ) خەڵکی حەریرو ئەوی دیکە مەلا حەمید (وەکو لەبیرم مابێت خەڵکی رانیە بوو) سەر لەنوێ قوتابخانەکەمان رێکخستەوەو بەرنامەیەکی رێکوپێکمان بۆ وانەکان دانا. رۆژێکیش هەموو قوتابیەکانمان کۆکردەوەو بە جلی تایبەتەوەو بەدەم سرود گوتنەوە رێپێوانێکان بەناو شەقامو کۆڵانەکانی رانیە ئەنجامدا. چەند رۆژ دواتر وردە وردە ژمارەی قوتابیەکان گەیشتە (٦٠)قوتابی. سەرەنجام قوتابخانەکەمان کردە یەکێك لە باشترین قوتابخانەکانی ئەو دەڤەرە.

پ: جیا لەکاری قوتابخانەو وانە گوتنەوە لە رانیە بە چییەوە خەریك بوون؟

ئیبراهیم رەمەزان: لەو رۆژگارەدا لەنێو لاوەکان بەگشتیو کەسە خوێندەوارو رۆشنبیرەکان بەتایبەتی، جموجۆڵێکی سیاسیی گەرم سەری هەڵدابوو. یەکێك لەو فاکتەرانەی کە ئەو جموجۆڵانەی گەرم کردبوو، ئەوەبوو کە یەکێتی سۆڤیەت بەشی سەروی ئێرانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کە بەشێك لە خاکی کوردستانیشی بەرکەوتبوو. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە روناکبیرانی ئەم دیوو ئەودیو پەیوەندیان بەهێزبێتو هاتوچۆو یروراگۆڕینەوە لە نێوانیاندا پەرە بستێنێت. دەوڵەتی بەریتانیا ترسی ئەوەی لێنیشتبوو کە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لە باشوری کوردستان پێکەوە بکەونە تێکۆشانو قازانجو بەرنامەکانی بەریتانیا لە بەین بەرن. رانیە ئەو دەم وەك گوندێکی گەورە وابوو، لەبەر ئەوە بواری کارکردنو جموجۆڵی سیاسی زۆر نەبوو، لەو کاتەدا کەسێکم بەناوی ( میرزا عەبدولکەریم)ناسی کە کاتب ئەوەلی مەحکەمە بوو، خەڵکی کۆیە بوو. دواتر لەگەڵ ئەو میرزا عەبدولکەریمە بووینە هاوڕێو دۆستی زۆر نزیکی یەکتر. لەرێگەی ئەوەوە کەسێکی دیکەشم ناسی کەناوی (شوعە مەخلۆف)بوو. شوعە، جولەکەبوو، بەڵام بەدڵ کوردایەتی دەکرد. میرزاو شوعە هەردووکیان لە حیزبی هیوادابوون منیشیان بردە نێو هیوا. ئەوان بەرلەوەی دۆستایەتیەکەیان لەگەڵ من پتەو بێت، یەك ژمارەی بڵاوکراوەیەکی دەستنووسیان بەناوی (بڵێسە) دەرکردبوو. ئیدی کە تەواو لێك نزیك بووینەوە، ئەو باسەیان لای منیش کردەوەو کەوتینە هەواڵو باس کۆکردنەوەو ژمارە(٢)مان دەرکرد. پاشتریش بەرودوا سێ ژمارەی دیکەمان دەرکرد.

پ: وەکو لەبیرت مابێ ئەوە چ ساڵو مانگێك بوو؟

ئیبراهیم رەمەزان: ساڵەکە بە دڵنیاییەوە ساڵی ١٩٤٤بوو، بەڵام چ مانگێك دەستمان پێکردوو تا کەی لەسەری بەردەوام بووین، ئەوەم بە تەواوی لەبیر نەماوە. زیاتر وای بۆ دەچم کە بەهاری ساڵی ١٩٤٤ خەریکی



ئەو کارەبووین.

پ: لە بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵەی ژ. ک. دا کە لە ١٨/٩/١٩٤٤دا نووسراوە، ئاماژە بەبڵێسە کراوەو نووسراویشە کە پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، کە ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوەدا یەکدەگرێتەوە. وەکو ئێوە لەبیرتانە سەرجەم چەند ژمارەتان لێدەرکرد؟

ئیبراهیم رەمەزان: وەك پێشتر رونمکردەوە بەرلەمن، یەك ژمارەیان لێ دەکردبوو، ئیدی کە منیش بوومە هاوکاریان چوار ژمارەی دیکەمان دەرکرد. واتە سەرجەم پێنج ژمارەمان لێدەرکرد. تەنانەت لەبیرمە پاشکۆیەکیشمان بۆ ژمارە پێنج دەرکرد.

پ: چۆنتان ئامادە دەکردوو دەنووسینەوە؟

ئیبراهیم رەمەزان: هەر هەموو ژمارەکانمان بە دەستخەتێکی جوان دەنووسیوەو کاربۆنمان لەژێر دادەنا. دواتر زۆربەی دانەکانمان دەبرد لە کەرکوك دەمانخستە پۆستەوەو بەم جۆرە، بۆ ئەو کەسانەمان دەنارد کە مەبەستمان بوو بۆیان بنێرین. ئینجا هەندێك لەوانەی کە بۆمان دەناردن، ئەوانیش لای خۆیانەوە دانەی دیکەیان لەبەر دەنووسینەوەو زیاتر بڵاویان دەکردنەوە.

پ: مەبەست لە دەکردنی ئەم بڵاوکراوەیە چی بوو؟

**ئیبراهیم رەمەزان:** مەبەستی سەرەکی لە دەرکردنی ئەوە بوو کە لە هەر ژمارەیەکدا چی دەنگو باسی گرنگ هەیە بیگەیەنین بە دۆستو هاوبیرەکانمان. مەبەستێکی دیکەشمان ئەوەبوو کە کاربەدەستە دزو فێڵبازەکانی نێو دامو دەزگاکانی کوردستان ( بەتایبەت ئەوانەی سلێمانیو هەولێرو دەوروبەریان) رسوا بکەینو رەفتارە دزێوەکانیان لای خەڵك ئاشکرابکەینو باشتر بە خەڵکیان بناسێنین، چونکە لەو دەمەدا دیاردەی دزیو فروفیڵو گەندەڵی لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا گەیشتبووە ئەو پەڕی، کاربەدەستانی بەریتانیاو حکومەتی عێراق خۆیان لە ئاست ئەو هەموو دیاردە زیان بەخشەدا گێل دەکرد. ئەویش مەبەستیان ئەوە بوو کە خەڵکەکە سەرقاڵی پارەو خۆشگوزەرانیو کاری تایبەتی بنو بیر لە سیاسەتو بیروباوەڕی کوردایەتیو کۆمۆنیستی نەکەنەوە. بۆ نموونە: لەو دەمەدا دزیو فێڵ لە کڕینو فرۆشتنی تووتنو بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی دیکەدا زۆر تەشەنەی کردبوو. ئێمەش هەوڵماندەدا زانیاری وردو راست دەربارەی کردەوە قێزەونەکانی ئەم جۆرە کەسانە وەدەستبێنینو لە(بلێسە)دا ریسوایان بکەین. لەبەر ئەوە بلێسە خۆی لاوازو دەستکورت، بەلاّم دوژمنی زۆربوو. تا جارێکیان نامەیەکی من دەکەوێتە بەردەستی کارمەندێکی حکومەت. ئەو کاربەدەستە لە تاقمی پارەخۆرو شەریکی دزەکان بوو، بۆ ئەوەی کە کێشەم بۆ درووست بکاتو بخرێمە زیندانەوە، نامەکەی گەیاندبووە متەسەریفی ئەوکاتەی سلێمانی کەناوی(بەهادین نووری)بوو. ئەویش کە لە مەسەلەکە دەگاتو بە وردیی نامەکە دەخوێنێتەوە، دەڵێت: کەسانی وەك ئەم مامۆستایە نەك هەر شایانی گرتن نین، بەڵکو شایانی سوپاسو رێزلێنانن!. ئیدی لەبەرچاوی فەرمانبەرکە کاغەزەکەی دڕاندو تێریش قسەی پێگوتبوو. بەهادین نووری کوردێکی پاكو کەم وێنە بوو، دوژمنێکی سەرسەختی دزو فێڵبازو ساختەچیەکانی ئەو دەمە بوو، پاشان لەسەر ئەو هەڵویستە باشانەی لایان برد!.

پ: زیاتر هەواڵەکانتان لە"کێ"[1] و لە"کوی"[2]وە بۆ دەهات؟

**ئیبراهیم رەمەزان:** سەرچاوەی هەواڵەکان بە زۆری ئەو سێ کەسەبووین. بەتایبەت میرزا عەبدولکەریم کە کاتب بوو لە مەحکەمە، زۆر هەواڵو باسی جۆراوجۆری پێدەگەیشت. هەروەها شوعە مەخلوفیش ئەوەندە هاتوچۆی دەکردو تێکەڵ بەخەڵك دەبوو، زۆر هەواڵی گرنگی لا کۆدەبووەوە. هەندێك لە دۆستو هاوبیرەکانیشمان لەملاو لەولاوە بەنامە هەواڵی وردیان بۆ دەناردینو پاش دڵنیابوون لە راستیو دروستی هەواڵەکان، ئەوانەی گرنگ بوون لە بلێسەدا بلاّومان دەکردنەوە.

**روونکردنەوە:-**

١-میرزا عەبدالکریم.. یەکێکە لەسەدان تێکۆشەری گومناوی نەتەوەکەمان. لە گەلێك رێگاوە هەوڵمدا کەسوکاری بدۆزمەوەو وێنەو کورتەی ژیاننامەی بنووسمەوە، تا ئێستا کەسێکی نزیکیم بۆ پەیدانەکراوە. ئەم تێکۆشەرە گومانەوە، خەڵکی شاری کۆیە بووە مرۆڤێکی هێمنو لەسەرخۆو زۆر دڵسۆزو پاكو تێکۆشەر بووە. هاوینی ساڵی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کردووە.

★-مامۆستا مەسعود محمد وتارێکی بەنرخی سەبارەت بە کەسێتیو تێکۆشانی میرزا عەبدولکەریم نووسیوە، بەلاّم بەداخەوە زانیاری وردی سەبارەت بە بیوگرافی میرزا عەبدولکەریم تێدا نییە( بڕوانە: مسعود محمد، میرزا عەبدولکەریمی ئاسنگر- سەربازێکی بێ ناو، گۆڤاری کاروان/ ژمارە (٤٩)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ساڵی پێنجەم،ل- ١٤)

٢-بەهادین نوری کە بە لیوا روکن بەهادین نوری ناسراوە، کوڕی شێخ نوردەینی شێروانییە. لە ١٨٧٩دا لە سلێمانی لەدایك بووە. پاش چەندین ساڵ خوێندن لە سوپای عوسمانیدا بوەتە ئەفسەرێکی پایە بەرز. دواتر لە سوپای عێراقدا خزمەتی کردووە. چەند جارێك بۆ خوێندن نێردراوەتە بەرتانیا. سەرەنجام گەیشتوەتە پلەی ئامر لیوا. سەرەتای ساڵی ١٩٤٤ خۆی خانەنشین کردووەو لە ١٢/٢/١٩٤٤دا بوەتە متەسەریفی شاری سلێمانی لە ٧/٨/١٩٤٤دا مەعروف جیاوك خراوەتە جێگەی. پاشتر چەند پۆستی جیاجیای لە حکومەت عیراقدا پێدراوە. لە ١٩٦٠دا لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا کۆچی دوایی کردووە. بەهادین نوری چەند کتێبی لەزمانی ئینگلیزی بۆ عەرەبی وەرگێراوە، یەکێك لەوانە کتێبی (رحله ریج فی العراق عام ١٨٢٠) کە ساڵی ١٩٥١ چاپکراوە.

jwtiar67@hotmail.com

# هۆزان مەحمود:

# كچان بۆ دەربازبوون لە" پەردەی كچێتی" هاوسەرگیری دەكەن، بۆ ئەوەی بتوانن مومارەسەی سێكس بكەن




**هۆزان لە كوردستانی عێراق لە دایك بووەو تەمەنی ٣٤ ساڵەو ئێستا دانیشتووی لەندەن پایتەختی بەریتانیایە، خوێنكارە لەبەشی سیاسەت‌و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان. نوێنەری رێكخراوی ئازادی ژنە لە دەرەوەی وڵات. كەسێكی ناسراوە لە جیهاندا لەسەر مەسەلەی ژنان، كرێكارو داكۆكیكار لە سیكۆلاریزم(عەلمانیەت)و كەسێكی ناسراوی چەپە لە دەرەوەی وڵات. لە چەندین كۆڕوكۆنفرانسی جیهانی بەشداری كردووەو بانگهێشت كراوە بۆ( ئەمریكا، بەلجیك، فەرەنسا، سویسرا، هۆڵندا،ئیتاڵیا، پورتوگال، كەنەدا، یابان، مالیزیا، ئەڵمانیا، یۆنان، ئیرلەندا، سكۆتلنداو چەندین شاری بەریتانیا ) تا ئێستا چەندین وتارو باس‌و چاوپێكەوتنی بڵاوكراوەتەوە لە زۆرێك لە رۆژنامەكانی جیهانی‌و بەریتانیا وەكو (گاردیان،ئێندیپێندنت) هەروەها هۆزان بلۆگی خۆی هەیە لە سایتی رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی. هۆزان وتارو چاوپێكەوتنەكانی بە چەندین زمانی جیهانی تەرجومە كراوەو بەشێوەیەكی بەردەوام لە میدیاكانی بەریتانی‌و جیهانیدا چاوپێكەوتنی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت لەسەر وەزعی سیاسی عێراق‌و كوردستان بەگشتی‌و مەسەلەی ژنان بەتایبەتی.**

**هۆزان. سەرپەرشتی چەندین كەمپینی جیهانی كردووە لەدژی توندوتیژی لە دژی ژنان لە كوردستان‌و عێراق‌و دەیان كۆڕو كۆنفرانسی رێكخستووە لە لەندەن بۆ ناساندنی دۆزی ژنانی كوردستان‌و عێراق‌و هێنانی هاوپشتی نێو نەتەوەیی بۆ مەسەلەی ژنان. لەماوەی چەندین مانگی رابردوودا هۆزان رێكخەری هەردوو كەمپینی جیهانی بۆ بە عەلمانیكرنی دەستووری هەرێمی كوردستان‌و كەمپینی دژی رەشەكوژی‌و بەردبارانكردنی ژنان لە كوردستان كردووە كە لەسەرتاسەری دونیادا كارەكانی ئەم كەمپینە دەنگی داوەتەوە.**

زنار: لە ئێستا مافەكانی ژنانی كورد لە دەرەوەی وڵات چۆن هەڵدەسەنگێنن، ئایا ئەوان توانیویانە خۆیان لەو كۆت‌وبەندە تەقلیدیە رزگار بكەن كە دەیانبەستێتەوە بە رابردوو ..

هۆزان مەحمود: سەرەتا پێمخۆشە زۆر سوپاسی ئێوەی بەرێزبكەم بۆ رەخساندنی ئەم دەرفەتە بۆ من كە بیروراكانم بەخوێنەرانی ئازیزی گۆڤارەكەتان بگەیەنم. ژن لای ئێمە بەداخەوە بڵێم هێشتا وەكو بەشەرێك، تاكێك ناكرێت‌و ئەم مافە سادەیەی بۆ لەبەر چاو نەگیراوە. هەر بۆیەش ئەمە بۆتە مێنتالیتی پیاوی كورد چ لە كوردستان بێت یان لە ئەوروپا كە

ژن بەنیوە بەشەرێك بزانێت‌و خۆی بەدەم راست‌و خاوەنی مێینەکانی ناو خانەوادەکە بزانێت. بەبۆچوونی من ژنانی کورد لە ئەوروپاش هەر گیرۆدەی ئەم کولتوورە داڕزاوە دژی ژنانەن‌و زۆرێك لە مافەکانیان لەلایەن خانەوادەکانیانەوە لێ زەوت دەکرێت. بەبڕوای من ژنانی کورد لە ئەوروپا لە دوڕیانێکدا دەژین، ئەوەی بەو کولتوورە مێنتالیتیە دواکەوتووەی کوردستان بژین یان ئەوەی ژیانێکی ئازادانەترو سەربەخۆ بژین؟ ئایا ئەوەی کە خۆیان پێیان خۆشە هەڵیبژێرن، ئایا چ ئاکامێکی دەبێت؟ ئەمانەو دەیان کێشەی دی کە ژنان بیری لێ دەکەنەوە. بەشێکی زۆر لەو کچانەی کە لە ئەوروپا گەورەبوون یان لەدایك بوون، بە کولتوورو ژیانی ئێرە رادێن، بەڵام زۆرێکیان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی خانەوادەکانیان‌و مەحدودیان ئەکەنەوە لەبارەی ئازادیە فەردیەکانیانەوەو هەمیشە تەئکیدی ئەوەیان لێ دەکەن کە پابەندبن بە" کولتووری رەسەنی کوردی‌و باوباپیرانیان" ئەمەش گەنجی کوردو ژنان لە کێشمەکێشمێکی هەمیشەییدا رادەگرێت. هەر بۆیەش تا ئێستاش کوشتنی ژنانی کورد لەژێر بەهانەی "شەرەف" لێرەش لەپەرەسەندن دایە. هاوسەرگیری لە کوردستان بۆ کوڕان‌و کچانێکی کورد کە لە ئەوروپا گەورەبوون‌و دەژین بەداخەوە رویەکی تری دواکەوتوویەتی خانەوادەی کوردییە کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین. هەر بۆیەش بەبڕوای من تا ئێستاش ژنانی کورد لە ئەوروپا یەکێکن لە چاوترساوترین‌و بێ مافترین ژنان چونکە مەسەلەی (حەیا، شەرەف، عەیب، حەرام...هتد) هێشتا تارمایی هەیە بەسەر ژیان‌و بیرکردنەوەیانەوە.

زنار: مەسەلەی ژنان لە کوردستان زۆر قسە هەڵدەگرێت‌و تەنانەت چەندین رێکخراوو سەنتەری بۆ درووستکراوە، بەڵام دەبینین هێشتا کۆمەڵگای کوردی لەبەرامبەر ژن رەقەو بەگشتی دان بەمافەکانیدا نانێت، تۆ پێتوایە، ئەو باوکەی بە فەرهەنگێکی پیاوسالاری مێشکی ئاودراوەو بەردەوام شانازی بە رابردوو عورفەکانی باپیرانیەوەدەکات، لە رێگەی ئەو رێکخراوو میتینگانە وشیاردەکرێتەوەو دان بە ئازادی ژن یان کچەکەی دا دەنێت..

هۆزان مەحمود: بەڕای من بوونی رێکخراوەکانی ژنان بەس نییە بۆ بنبڕکردنی فەرهەنگێك کە چەندین سەدەیە ژنان دەکاتە قوربانی. هەڵبەتە ئەو فەرهەنگە دواکەوتوانەیە ئیدامەی پێ دەدرێ‌و دەپارێزرێ لەلایەن دەسەڵاتدرانی ئێستای کوردەوە. هەربۆیەش سەرەڕای ئەوەی کارو هەڵسوڕانی زۆر دەکرێت لە کوردستان‌و دەرەوە، بەڵام دەسەڵات بە ئەندازەی کافی بەدەنگەوە نایەت‌و زۆر خەم ساردە لە ئاست مەسەلەی ژنان. ئەوەی دروستە کەسێکی پیرحەتمەن بیرکردنەوەی جیاوازە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك یاساو هەڵمەتی وشیارکردنەوەی بەردەوام هەبێت ئەوکات خەڵك بە ئاسانی ناتوانن تەسەروف بە ماف‌و ئازادیەکانی ژنانەوە بکەن‌و وەکو کۆیلە رەفتاری لەگەڵ بکەن. لە ئەوروپاش پیرەکان حەتمەن فەرقیان زۆرە لەگەڵ نەسڵی تازە، بەڵام ئەوە بۆ یەکتر بەرەسمی دەناسن کە چۆن ژیان بکەن‌و نەپیر دەبێتە رێگرو نە تەداخولیش ئەکەن لە ژیانی شەخسی گەنجەکاندا. بۆیە لەلای من گرفت پیرەکان نین بە پلەی یەکەم، بەڵکو کولتوورو ئەو دەوڵەتە مەحکومە کە ئەو کولتوور دەپارێزێ‌و تەشەنەی پێ دەدات.

زنار: ئێستا لەگەڵ دونیای دیجیتاڵی‌و سەردەمی عەولەمە جۆرێك لە وشیاری بەهەردوو رەگەزەوە درووست بووە، بەڵام لەهەمان کاتدا دونیای پیرەکانمان هەیە، کە ئەم زاهیرەتازەیە، بە بەڵاو ئاشوب دەزانن‌و خەم بۆ لەدەستدانی رابردوویان دەخۆن، دەیانەوێت پاتریارکیەتی خێزان بهێڵنەوە، بە قەولی خۆیان جوامێری بگەڕێننەوە، پێتوایە.. دیاردە نوێیەکە سەردەکەوێت لە کۆتاییدا بەسەر دونیای پاتریارکیەتدا لەلای تاکی کورد..

هۆزان مەحمود: گۆڕانی کۆمەڵگاو کۆتایی هێنان بە عەقڵیەتی پاتریارکی بەوە کۆتایی نایەت کە ئێستا سەردەمی عەولەمەیە. خۆ کەم وڵات بە ئەندازەی ژاپۆن لەبەرهەمهێنان‌و بەکارهێنانی تەکنەلۆژی تازە پێشکەوتوو بێت، بەڵام تا ئێستاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەسەر مەسەلەی ژنان زۆر" ترادیشیۆناڵ "ن، واتە تەقلیدین‌و پیاوسالاری تا ئێستاش زۆر زەق‌و بەرچاوە لەوێ‌و موشکیلەی ئەسڵیش تەنها بوونی پیرەکان نیە هەروەك پێشتر ئیشارەم پێداو ئەوان تەنها فاکتەرنین بۆ هێشتنەوەی پیاوسالاری‌و دواکەوتووی کولتووری کۆمەڵگا. بەبڕوای من ئەکرا پیرەکانی کوردستانیش واتە ئەوانەی پێش ئێمە وەکو ئێستا بیرنەکەنەوە، ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی ئازادترو پێشکەوتووتردا بوونایەو خزمەتگوزاری‌و چاودێرییان بۆ فەراهەم بکرایە. بەبۆچوونی من مەسەلەی ئەسڵی دەوڵەتە بە هەموو دام‌و دەزگاکانیەوە، کە رۆژانە کار بۆ چەسپاندنی کولتووری چینەکەی خۆیان دەکەن کە نوێنەرایەتی دەکەن. ئاخر هەموو دەوڵەتێك نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینێکی تایبەت دەکات لە کۆمەڵگادا. ئەم کولتوورەی کە ئێستا باوە لەماوەی ١٦ساڵی رابردوودا لە کوردستان تەشەنەی پێ دەدرێ، لەبەر ئەوەی ئەمە درووست فەرهەنگی خێڵەکی‌و بۆرژوازی دواکەوتووی ئەحزابی کوردییە، کە بنەماکانی ئایینی‌و خێڵەکین‌و ژن وەکو بوونەوەر حساب ناکات. تۆ هیچ کات سەرانی ئەحزابی کوردیت بینیوە هاوسەرو کچەکانیان لەگەڵ خۆیان لە دیدارو بۆنە سیاسیەکاندا بەشداری پێ بکەن؟ کاتێ کە رەهبەری حزبێك ئامادەنییە مێینەی خانەوادەکەی خۆی نیشانی کۆمەڵگە بدات، ئیتر ئێمە چی چاوەڕوانیەکمان هەبێت لێیان بۆ بەرەسمی ناسینی ماف ژن‌و سەیرکردنی ژن وەکو مرۆڤێکی یەکسان‌و ئازادو دەخالەت پێدانی ژنان لە زۆر بواردا.

زنار: هەوڵەکانی رێکخراوی ئازادی ژن لە ئاستی دەرەوەی وڵات لە چ ئاستێکدایەو تاچەند توانیوتانە، مافە داگیرکراوەکانی ژنان بگەڕێننەوە..

هۆزان مەحمود: رێکخراوی ئازادی ژن بارەگای سەرەکی لە بەغدادەو نوێنەران‌و دۆستانی زۆری هەیە لە زۆرێك لە وڵاتەکانی جیهاندا لەوانە" بەریتانیا، سوید، نەرویج، کەنەدا، سویسرا، دانیمارك، هۆڵەندا، فینلەندا، ئوستڕالیا، ئەمریکا". ئێمە کۆمەڵێك هەڵسوڕاوی سیاسین کە داکۆکیکارین لە ماف‌و ئازادیەکانی ژنان، لە عێراق‌و کوردستانداو هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە دۆزی ژنانی عێراق‌و کوردستان بە جیهان بناسێنین‌و پشتیوانی بۆ کارو هەڵسوڕانەکانمان بەدەست بهێنین. یەك شت کە حەز دەکەم ئیشارەی پێ بدەم، ئەویش ئەو چاوەڕوانیەیە کە گوایە رێکخراویکی ژنان بتوانێت کۆتایی بە زوڵم‌و زۆر لەسەر ژنان بهێنێت، بەڕای من کۆتایی هێنانە بە چەوساندنەوەو ژێردەستەیی ژنان کاری بەتەنها رێکخراوێك یان رێکخراوەکانی ژنان نییە، ئێمە دەمانەوێت مەسەلەی ژنان بکەین بە مەسەلەی هەموو کۆمەڵگەو تاکەکانی بە ژن‌و پیاوەوەو خۆیان بە بەرپرس بزانن لە ئاست ئەو هەموو زوڵم‌و زۆرەی دەرهەق بە ژنان دەکرێت لە ژێر بەهانەی جیاوازدا. بەڵام لە کۆتاییدا بەرپرسی ئەسڵی بۆ گۆڕانکاری‌و چاکسازی لە یاساکان‌و فەرهەنگی کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت‌و دام‌و دەزگا بەرپرسەکانیان، ئەوان بەرپرسن لە ئاست سەلامەتی گیان‌و ریفاهی هەموو تاکێکی کۆمەڵگادا. دروستبوونی رێکخراوی ژنان لە ئاکامی کەم‌و کوڕی‌و خەمساردی دەوڵەت دێن لە رژێمێکی سەرمایەداریدا هەموو هەوڵێکیان بەرژەوەندی‌و سودی چینی دەسەڵاتدارە نەك خزمەتگوزاری‌و یەکسانی فەراهەم کردن بۆ ئینسانەکان.

زنار: هەموومان دەزانین لە دەرەوەی وڵاتیش بەتایبەتی ئەوروپا ژنانی کورد رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، پاساوی ئەو توندوتیژیەش لەلایەن پیاوانەوە ئەوەیە کە ئافرەتەکانیان خەریکە پشت دەکەنە دابونەریتی کوردی، لە تەلەفزیۆن‌و ریپۆرتاژەکانیشدا بەگشتی ژنان پێیانوایە زۆرباس لە پاراستنی تایبەتمەندی کولتووری کوردی دەکەن کە پێویستە لە ئەوروپاش بپارێزرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی تا ئێستا رێکخراوەکانی ژنان‌و هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن نەیانتوانیوە ئەو قەناعەتە

لای خێزانی کوردی دەرەوە درووست بکەن کە ئێرە واتە ئەوروپا کوردستان نییە دەبێت وەک چۆن پەساپۆرتەکەشت قبوڵە یاساو ڕێزگرتنی ئەوێشت لا قبوڵ بێت..

هۆزان مەحمود: بەڵێ بەداخەوە دەبێت بڵێم، کە توندوتیژی دژی ژنان لەهەموو شوێنێکی دونیا وجودی هەیەو بۆتە ڕۆتینێک. هەڵبەتە کورد لێرەش یاساکان دەشکێننو کوشتاری ژنان لەژێر بەهانەی "ناموس"دا لەناو خانەوادە کوردەکاندا ڕێژەی زۆر لەسەرەوەیە. زۆرێک لە خانەوادەکان ئەسڵەن پێیان وایە دەبێت زۆر بە(دابو نەریتی ڕەسەنی"ی کوردیەوە پابەند بن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان کە لە کولتووری غەربیدا گەورە دەبن لە دابو نەریتی " خۆیی" هەڵنەگەڕێتەوە. ئەم عەقلیەتە دواکەوتوانەیە زۆرجار ژنانی دایکیش ئەگرێتەوە لێرە، کە پێیان وایە دەبێت" حەیاو شەرەف" خانەوادەکەیان پارێزراو بێت. چونکە لەلای خانەوادەی کورد هەموو شەرەفو گەورەیی خانەوادە بەستراوە بەناو گەڵی مێینەی ناو خێزانەکەوە. بۆ زۆرێک لە لاوانی ئێمە بەتایبەت دیسان کچان ژیانێک دەکەن کە وەکو دووکەسایەتیو لەیەک جەستەدا ژیان بەسەر دەبەنو لە ماڵەوە مەجبوورن قەیدو بەندەکان ڕەچاو بکەن لەترسی باوکو برایانو لەدەرەوەش لە شوێنی کارو خوێندن لەناو هاوڕێو هاوکارە غەریبەکانیاندا جۆرێکی تر دەژینو ڕەفتار دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ژنی کورد چ لە کوردستانو چ لە دەرەوە، زۆر چەوساوەو بێ مافن، جوگرافیا زۆر تەئسیری نییە لەسەر کەمکردنەوەی ئەم زوڵمە، هەر بۆیەش هەر ئەوەندەی ژنان لێرە پەی بەمافو ئازادیەکانیان دەبەن باوکو براکانیان چەقۆکانیان ئامادەیە بۆ کوشتنیان. هەڵبەتە لێرەش واتە خودی دەوڵەتی غەربی لەژێر ناوی "فرە کولتووری"و نیسبیەتی فەرهەنگیدا ڕێ خۆشکەربوون بۆ ئەوەی کە بۆ نموونە: خەڵکی کورد لێرەش هەر ئەو دابو نەریتە دواکەوتوانەیە بهێڵنەوە. هەڵبەت ئەرکی ئێمە لێرەش دیسان بەرەنگاربوونەوەو کەمپین کردنە بۆ فەزحکردنی ئەم جۆرەە سیاسەتانە.

زنار: ئاماری تەلاق لەلایەن ژنو پیاوانی کورد ئەوانەی لە کوردستانەوە ژنیان هێناوە بۆ ئەوروپا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو سەرەوەیە، تۆ هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە، ئایا هۆکاری وشیاربوونەوەی ئافرەتی کوردە بە مافەکانی یان هۆکاری دی..

هۆزان مەحمود: ئەمە چەندین هۆکاری هەیە، بەبڕوای من. یەکێکیان ئەوەیە کە ژنان ئەگەنە شوێنێک کە هەندێک لەمافە سەرەتاییەکانیان لێرە بەپێی یاسا پارێزراوەو ئەوانیش سوود لەوە وەردەگرن بۆ جیابوونەوە. جیاواز لەوەی چاودێری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ژنانو منداڵەکانیان کە ئیتر وەکو لای خۆمان نییە پیاو تەنها نان ئاوەری خێزان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا لێرە پرۆسەی جیابوونەوە ئاسانەو کاتێک ئینسانەکان نەگونجێن ئیتر بۆیان هەیە بەجیا بژین بەپێی یاساو هیچ کامیان بۆیان نییە ئەوەی تر ئەزیەت بکات. ئێرە وەکوو کوردستان نییە کە جیابوونەوە بەدەست پیاو بێت تەنها ئەو ژنەکەی " تەلاق" بدات. هەڵبەت ئەو ژنانەی کە چەوساندنەوەو توندوتیژی زۆریان لەسەرەو لێرە بەم مافانەیان ئاشان دەبن، حەتمەن لە نەتیجەی هۆشیاربوونەوەیانە. هۆکاری تریش ئەوەیە کە ژنان لێرە بەجۆرێك لە پەیوەندی گرتنو هاوسەرگیری ئاشنا دەبن کە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان هەیە. بۆ نموونە: لەلای ئێمە پرۆسەیەکی یەکترناسینی هەمەلایەنە نییەو زۆرێك لە هاوسەرگیریەکان لەسەر بنەمای ئاشنابوونو لەیەك تێگەیشتنەوە یان مومارەسەی حەزو ئارەزووەکانی هەردوو ڕەگەز نییە، هاوسەرگیری لە کوردستان ناسینێکی لە دوورەوەیە. لە کوردستان ژنو پیاو وەکو زەرورەتێکی تەقلیدی ناچارن ژیانێکی هاوسەری درووست بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی جنسی بگرن، لەبەر ئەوەی دەکەونە لۆمەی خانەوادەکانیانو فشاریان بۆ دەهێنن کە زەواج بکەن. لە ڕاستیدا زۆربەی هاوسەر گیریەکان لای ئێمە بۆتە ڕۆتینو تەقلیدێك، هیچ جۆرە تێگەیشتنو پرۆسەی یەکتر ناسین وجودێکی نییە. بۆیە کەسانێکی زۆر لێرە کۆتایی بەو هاوسەرگیریە دەهێنن کە لە کوردستان سەپێنراوە بەسەریاندا، ئەمە دەکرێت پیاوو ژنیش بگرێتەوە.

پرسیار: یەکێک لەو شتە سەیرانەی ئەو کەسانە کە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی لەناو خێزانی کوردی ڕوودەدات جیابوونەوەی کچانە لە هاوسەرەکانیان، هەندێک کچ شو دەکەنو دوای ماوەیەکی کورت جیادەبنەوە بۆ ئەوەی لە گرێی پەردەی کچێنی ڕزگاریان بێت هەروەک باس دەکرێت، بەتایبەتی دەڵێن ئەم دیاردەیە لە وڵاتێکی وەکو سوید زۆر باوە، ئایا تۆ وەکو هەڵسوڕاوێکی بواری مافەکانی ژنان درکت بەو دیاردەیە کردووە یان ئەوە ناراستە..

هۆزان مەحمود: هەڵبەتە ئەمە دیاردەیەکە پێموایە لەمێژە هەیەو تازە نییە، کچان بۆ دەربازبوون لە" پەردەی کچێتی" هاوسەرگیری دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن مومارەسەی سێکس بکەن لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆیاندا. کاتێک کە کچانی لای ئێمە هیچ مافو ئازادیەکی فەردییان نییەو

## هاوسەرگیری لە کوردستان بۆ کوڕانو کچانێکی کورد کە لە ئەوروپا گەورەبوونو دەژین بەداخەوە ڕویەکی تری دواکەوتوویەتی خانەوادەی کوردییە کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین



لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کۆیلە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێتو دەبێت تا ئەوکاتەی دەدرێن بە" شوو" لەلایەن خانەوادەکانیانەوە " پاکیزە" بن، مەعلومە بۆ وەڵامدانەوە بە غەریزە ئینسانیو حەزوو ئارەزووەکانیان ئەم شێوازانە ئەگرنەبەر . لە ئەوروپا زۆربەی کوڕانی کورد وەڵام بە حەزوو ئارەزوەکانی خۆیان دەدەنەوە، بەبێ ئەوەی بکەونە ژێر فشارو دەخالەتی خانەوادەکانیان. بەڵام زۆربەی کچی کورد هەتا زۆرێك لەوانەی کە لێرەش لە دایك دەبنو گەورە بوون بۆیان نییە لەگەڵ کەس بنو هیچ جۆرە پەیوەندیەکی سێکسی بکەن. ئەمە جیاوازیو هەڵاوردنێکی گەورەیە کە خانەوادەکان ئەنجامی دەدەن بەرامبەر بە کچو کوڕەکانیان، کاتێك لە کۆمەڵگایەکدا دەژیتو دو ستانداردو دوو شێوە ژیان دەسەپێنرێت بەسەرتا، تەنها لەبەر ئەوەی مێینەیت، ئاشکرایە بەشێوازی تر کچان قەرەبووی ئەو ئازادیە زەوتکراوانەیان دەکەنەوە. بەڵام بەبڕوای من ژیانی تایبەتی ئینسانەکان بەهەموو لایەنەکانیەوە پەیوەندی هەیە بەخودی فەردەوە کە چۆن دەیەوێت حەیاتی سێکسی خۆی رێکبخات، هەر بۆیەش نە خوا، نە مەزهەب، نە یاساو دەوڵەت ناتوانێت بەر بە حەزو ئارەزووی مرۆڤەکان بگرێت. بۆیە واباشترە ئینسانەکان ئازادبن لە هەڵبژاردنو رێکخستنی ژیانی تایبەتی خۆیاندا.

زنار: دەکرێت چی بکرێ بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی دژی ژنان، لە ئێستا رایەك هەیە کە گۆڕان لە دنیابینی تاکەکان دەبەستێتەوە بە گۆڕانی یاساو هەروەها پێشکەوتنی ئابووریەوە کە زەمینەی فەردانیەت بەهێزتردەکاتو مافەکانی ژنانیش لەو چوارچێوەیە زیاتر بەدەست دەهێنرێت، چونکە بە بۆچوونی زۆرکەس دەرکەوتووە هەوڵی رێکخراوەکانی ژنان لە رابردوو ئێستا زۆر لە پەراوێزدایە، توانای دەربازکردنی ژیانی ژنێکیان نییە لەبەردەستی سەرۆك خێڵێکدا..

هۆزان مەحمود: زەمینەی گەشەکردنی ئابووریو گۆڕینی یاسا، ئەکرێت فاکتەری باش بێ بۆ سەربەخۆ بوونی ژن لەبارەی ئابوورەیەوە تا رادەیەکی زۆرو بوونی یاساکان کە داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکات حەتمەن زۆر گرنگە. بەڵام ئازادیو یەکسانی بێ قەیدو شەرتی ژن بەوە دەستەبەر ناکرێت بەتەنها. هەرچەندە من لەگەڵ هەموو جۆرە چاکسازیەکدام کە لەپێناو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی ئینسانەکاندا بێت. بەڵام من تەوەقوعم زۆر لەوەش زیاترەو ئازادیو یەکسانی موتڵەقی ئینسانەکانم ئەوێت بۆ هەردوو " رەگەز" ژنو پیاو!. ئێمە ئەگەر ئاوڕێك لە شۆڕشی پیشەسازی بدەینەوە لە بەریتانیاو دواتر لە وڵاتانی تری دونیا، دەبینین کە بێگومان کۆمەڵێك گۆڕانکاری هاتە پێشو ژنانیش ئیتر هاتنە بازاڕی کارو خۆیان بژێوی خۆیانیان دەردەهێنا، ئەمەش زەمینەی خۆشکرد کە ژنان هەنگاوێك بچنەپێشو کۆمەڵێچك مافی تر بەدیبهێننو بچنە ناو زۆر پیشەوە شان بەشانی پیاو. بەڵا ئەمە نەبۆتە هۆی بنەبڕکردنی توندوتیژی. چونکە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا کە ئینسانەکان هەموو بەردەی بەکرێگرتەی سەرمایەدارانن، پیاوسالاریو پێشێلکردنی مافی ژنانو توندووتیژی لەدژیان هەر وجوود دەبێت. چونکە ئەمە سیمایەکی موشتەرەکی هەموو دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی سەردەمە. هەربۆەش توندووتیژی لەدژی ژنان لەهەموو جیهاندا هەیەو من باوەڕم وایە کە خەباتی ئێمە دەبێت جیهانی بێت وەکوو بەشێك لە خەباتێکی بەرفراوانتر بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیو بەدیهێنانی ئەلتەرناتیڤێکی سۆسیالیستی کە کۆمەڵگایەکی ئینسانی بەرقەرار بێت. لەسەر مەسەلەی دەورو نەخشی رێکخراوی ژنانو کۆمەڵگایەکی ئینسانی تیا بەرقەرار بێت، پێشتریش لە چاوپێکەوتنەکانی تردا باسمکردووە، کە دروست بوونی ئەم رێکخراوانە لەئاکامی کەمتەرخەمی دەوڵەتەوەیە. هەربۆیەش زۆر ئاسانە بۆ خەڵك کە رێکخراوەکانی ژنان مەحکوم بکەن بەوەی کە لە پەراوێزدانو ناتوانن ژنان لە"کوشتن نەجات بدەن" کە دەبێت ئەنجامی بدەن. کاتێك خۆپیشاندانی جەماوەری دەبێت زۆر زوو ئاسایش بەدەست دێن بۆ تەقەکردن بەسەر خەڵکداو بڵاوە پێکردنیان، بەڵام ئەگەر دەیان ژن گیانی لەخەتەردا بێت ئامادەنین بیانپارێزن بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتەی بەکرێ گرتوون فەرمانی ئەوەی پێنەداونو یان ری نەهێناون بە ئەقلیەتێك کە پارێزگاری لەن بکەن. ئێمە بەرلەوەی پەنجەی تاوان بۆ رێکخراوی ژنان راکێشین پێویستە دەوڵەت مەحکوم بکەین لە راگرتنی کۆمەڵگا لەدواکەوتوویداو هەمیشە ئەوە بکەین بەدروشم کە لەهەر جێگەیەك کە" گروپێك" بەناوی دەوڵەت دامو دەزگاو یاسایان بەدەستە ئەوان بەرپرسن لە ئاست هەموو پێشێلکاریەكو تاوانێك لەدژی ژنان ئەنجام ئەدرێت.

# ئامانجە شاراوەکانی تورکیا لەپشت هەڕەشە بەردەوامەکانیەوە

تۆماس فریدمان

و : کامەران عەبدە ساڵح

**تورکیاو دوبارەکردنەوەی سیناریۆکان**

بەر لە پاشەکشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، عێراق یەکێك بوو لە وڵاتانی ژێردەستی ئەو ئیمپراتۆریەتە، بەڵام دوای جەنگی جیهانی یەکەم کەوتە ژێر کۆنترۆڵی حوکمی بەریتانیاوە. کاتێك لە ساڵی ١٩٢٣دا کۆماری تورکیا ڕاگەیەنرا، هەرچەندە بەڵێنیدا چاوی لە خاکی هیچ وڵاتێکی دیکەوە نەبێتو، هەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی نەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەنەبوو دەستبەرداری هەردوو ناوچەی کەرکوكو موسڵی دەوڵەمەند بە سامانی نەوت ببێت، لە بەرامبەردا بەریتانیا بەردەوام دژایەتی خۆی بۆ ئەم هەڵوێستەی کۆماری نوێی تورکیا نیشاندەدا، تا کار گەیشتە ئەوەی کە هێندەی نەمابوو لەسەر خاکی کوردستانی عێراق جەنگی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەرپاببێت.

لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ بەریتانیا، تورکیا ناچاربوو دەستبەرداری خەونەکانی ببێت سەبارەت بە موسڵ بەو مەرجەی ١٠٪ی داهاتی نەوتی ناوچەکە بۆ ئەو بێت. بەم ڕێککەوتننامەیە دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە توانیان ئینگلیزەکان ڕازی بکەن کە دەست لە پشتیوانیکردنی دوو نەتەوەی بەرهەڵستکاری نێو تورکیا هەڵگرن کە بریتیبون لە کوردو ئەرمەن. لە پرۆسەی ڕوخانی دەسەڵاتی سەدام حسێندا ساڵی ٢٠٠٣، جەنگاوەرانی کورد لە کوردستانی عێراق ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، کوردەکان بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیو بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی توانیان زیاتر لە شەست هەزار پێشمەرگەی مەشقپێکراو ئامادەبکەن بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو. دوای بینینی ئەو ڕۆڵە گرنگە لە گۆڕانکاریەکانی عێراقدا، ئاساییە بۆ کورد هەوڵبدات پێگەی خۆی لە ناوچەکانی خۆیدا پتەوتر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری هەبێت لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی مەرکەزی عێراق لە بەغدا. لە کاتێکیشدا پارێزگای کەرکوك کە کەوتۆتە سنوری ناوچە کوردنشینەکەوەو، دەیانساڵە هەوڵی بەعەرەبکردنی دەدرێت، دەبێت هەوڵی گەڕانەوەی بدات بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ڕوخانی حوکمی سەدام حسێن، بەر لە هەر کەسو لایەنێك کوردی عێراق سودی لێوەرگرت، ئەمەش بووە مایەی تورەبونی تورکیا، ئەو وڵاتەی کە گەورەترین پارچەی کوردستانی لەژێر دەسەڵاتدایە. هەر بۆیەشە دەبینین تورکیا چیتر ئارامی نامێنیو، بەبیانوی بونی چەکدارانی پەکەکە چەندەها جار بەشێوازی جیاجیا پەلاماری ئەو هەرێمە فیدراڵیەی کوردەکانی عێراق دەدات. لە چەندساڵی ڕابردودا سەرکردەکانی کورد لە باکوری عێراق ژیرانەو هێمنانە مامەڵەیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێو ڕەوشی هەستیاری ناوچەکەدا کردووە، بەم کارەش توانیویانە بیری نەتەوەیی لای تاکی کورد لە پارچەکانی دیکەشدا بەهێزبکەن.

ئەم گۆڕانکاریانە بەلای ئەنقەرەوە مایەی دڵەڕاوکێو نیگەرانیەو، مەترسی (دروستبونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە ئایندەدا) زیاتر دەکات، کە پێیانوایە ئاسایشی نەتەوەیی تورك دەخاتە مەترسیەوە. ئەمڕۆ کە ئەمریکا خاوەنی پێگەی سەربازیو سیاسی گرنگە لەعێراقداو، تورکیا واینابینێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، کوردستانی عێراق ڕۆژبەڕۆژ پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێتو لە هەوڵی وەرگرتنەوەی کەرکوکدایە، شتێکی چاوەڕوانکراوە کە هێزی سەربازی تورکیا بە بیانوی لەناوبردنی چەکدارانی پەکەکە سنور ببەزێنێو، کۆشش بکات بۆ لاوازکردنی ئەزمونی کوردەکان.

**ئەردۆگانو پارتەکەی چیان لە کورد دەوێت؟**

پارتی دادو گەشەپێدان حەکیمانەتر لە هەر لایەنێکی دیکەی نێو گۆڕەپانی سیاسی تورکیا دەڕوانێتە پرسی کورد، بەڵام لەئێستادا حکومەتەکەی ئەردۆگان کەوتۆتە دوڕیانی (گوشاری بەردەوامی تورکە کەمالیستەکانی ناو تورکیا)و (ڕەخنەو توانجەکانی یەکێتی ئەوروپا)، لەونێوەشدا ناچارە گوشارەکانی ناوخۆ بە هەند



وەربگرێتو، لایەنی ئەوروپیو تەنانەت نێودەوڵەتیش تارادەیەك فەرامۆش بکات. ئەم حکومەتە، گرفتاری دوبارەبونەوەی سیاسەتێکە کە لە دەیانساڵ لەمەوبەرەوە وەك میرات بۆی ماوەتەوە. پێدەچێت جارێکی دیکەو بەجۆرێکی دی مێژوو خۆی لەو وڵاتە دوبارە بکاتەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە بەهەمان شێوازی قەیرانی قوبرس بەبیانوی پشتیوانیکردنی تورکمانەکان دەستوەردەدەنە کاروباری هەرێمی فیدراڵی کوردستان یاخود دواجار مەسەلەی بونی چەکدارانی پەکەکە لە باکوری عێراقدا دەکەنە کارتی فشار بۆ سەر تاڵەبانیو بارزانی؟.

لە دوای دەرکەوتنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی تورکیا، پێشبینی دوبارەبونەوەی لەشکرکێشی ئەو وڵاتەم کرد بۆ سەر سنورەکانی عێراق، بەڵام پێموابو ئەمجارەیان بە پاساوی (بەرگری لەمافی تورکمانەکان) دێتە ناوەوە، کە ساڵانێکە ئەنقەرە بانگەشەی بۆ دەکاتو دەیەوێت وا لە ڕای گشتی بگەیەنێت کە تورکمانی عێراق لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیو کوردەکانەوە دەچەوسێنرێنەوەو، پێویستیان بە هاوکاری تورکیا هەیە! بەڵام ئایا لە بنەڕەتدا پێشێلکردنی مافی تورکمانەکان لە عێراقی ئێستادا بونی هەیە؟ ئەوکاتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی



هێشتا لۆژیکی هێزو دامەزراوەی سەربازی سێبەری بەسەر  کایەی سیاسی لە تورکیا زاڵە

لە عێراق پاشەکشەی کرد، بەریتانیا ئامادەنەبو تورکمانەکان وەك نەتەوەیەکی کاریگەر لەناوچەکەدا بناسێت، ئەمە بوە هۆی کۆتا هاتنی توانا سەربازیو سیاسیەکانی ٩٠٠ساڵەی ئەو گەلە لە عێراقدا. هاتنە سەرکاری سەدام حسێنو قەدەغەکردنی کاری ڕێکخراوە سیاسیو فەرهەنگییەکانی تورکمان لەسەردەمی حوکمڕانی ئەودا (ساڵی ١٩٨٠)، بەسبو بۆ نائومێدبونی تورکمانەکانی عێراق لەهاتنەدی خەونی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا. لاوازبونی دەسەڵاتی مەرکەزی لە بەغدا بەهۆی جەنگی گەردەلولی بیابانەوەو، پاشان دیاریکردنی هێڵی ٣٦پلە لەسەر داوای ئەمریکا، بوەهۆکاری دروستبونی پەناگەیەکی ئارام بۆ خۆڕێکخستنەوەی هێزە نەیارەکانی حیزبی بەعس لە باکوری عێراقدا، لەونێوەدا زەمینە بۆ تورکمانەکانیش ڕەخسا تا دوبارە دەستبدەنەوە چالاکیەکانیان.

بەڵام ڕاگەیاندنی هەرێمێکی فیدراڵی لەلایەن کوردەکانەوە کە شاری کەرکوك بەشێکی بێت، وایکرد ئەو هێزە تورکمانانەی هاوسۆزیان بۆ تورکیا هەیە ڕەوشەکە لەخۆیانو هاوڵاتیانی تورکمان ئاڵۆزبکەنو بکەونە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی کوردی. پرسی داواکردنەوەی کەرکوك لەلایەن کوردەوە ترسی خستە دڵی ژەنەراڵەکانی تورکەوە، هەر لەبەر ئەوە چەندینجار بە پاساوی بونی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەشکرکێشییان کردە سەرسنوری عێراق، ئەگەرچی دەستگیرکردنی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی ڕێکخراوی پەکەکە هیچ بەهانەیەکی بۆ تورکیا نەهێشتەوە تا بەردەوام بێت لە دەستوەردانە نێو کاروباری هەرێمە کوردیەکە، بەڵام ئەمجارەیان مانەوەی پاشماوەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەی لە ناوچەسنوریەکانی کوردستانی عێراق کردە بەهانەیەکی نوێو دەستیکردەوە بە سنوربەزاندن. تورکیا دو ئامانجی سەرەکی لەعێراقدا هەیە کە بەردەوام کاریان بۆدەکات، ئەوانیش (ڕێگرتن لەدروستبونی دەوڵەتێکی کوردی)و (هەوڵدان بۆ بەڕەسمی ناسینی تورکمان وەك نەتەوەیەکی گەورەی عێراق لەپێناو بەهێزکردنیان لەبەرامبەر کوردەکاندا ).

لە ئامانجی یەکەمیدا ڕەنگە تەنها ترسێك بێتو هیچی دی، چونکە تائێستا هیچکام لە دو سەرکردە کوردەکە باسیان لەجیابونەوەی هەرێمەکەیان لەعێراق نەکردوە، لەئامانجی دوەمیشدا تورکیا نەیتوانیوە هەنگاو بنێت، چونکە ژمارەی تورکمانەکانی عێراق کەمەو ئەو پێنج ملیۆنە نیە کە دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە باسی لێوەدەکەن، کاربەدەستانی کۆشکی سپیش بە هەمان دیدی ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوی بەریتانیەکان دەڕواننە مەسەلەکەو، وەك کەمینە سەیری تورکمانەکان دەکەن، ئەمەش لە دەستوری نوێی عێراقدا چەسپاوە. هەرچەندە تورکمانەکان بەگوێرەی پێویست لە پەرلەمانو حکومەتی عێراقدا نوێنەریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا ئەو ڕێژەیە بە کەم دەزانێتو ڕایگەیاندوە کە تورکمانەکان یەك لەسەر پێنجی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدێننو، دەبێت بەشداری کاراتریان هەبێت لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەکەیاندا. بەهەرحاڵ، بۆ چارەسەرکردنی هەمو ئەو کێشانەی کە تورکیا باسیان لێوەدەکات، پێویستە لەسەر پارتی دادو گەشەپێدان کە لەئێستادا کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کۆمارو حکومەتو پەرلەمانیان لەدەستدایە، هێمنانە مامەڵە بکەن، هەمان سیاسەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی پێش خۆیان دوبارە نەکەنەوە کە بریتیە لە پەنابردنە بەر هەڕەشەی سەربازیو زەقکردنەوەی بیری نەتەوەپەرستی، کە بەدرێژایی مێژو سودیان لێنەبینیوە. بەڵکو لەجیاتی ئەوە دایەلۆگو دانوستان لەگەڵ لایەنی بەرامبەر هەڵبژێرن، بێگومان بە ڕێگەچارەیەکی لەوجۆرە دەتوانن بگەنە دەرەنجامی دڵخۆشکەر کە لەبەرژەوەندی هەمولایەکدا بێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی voanews**

# ئێستێتیک

کاوە جەلال لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردی گۆڕیویەتی

**٧- کلاسیک**

**١-٧ ئیتالیا**

پوختەی تیۆریی کلاسیکیستییانەی هونەری ئیتالیا، کە لە ڕێنیسانسی باڵا بەدوواوە هاتە ئاراوە، لە لایەن گ.پ. بێللۆری (نزیکەی ١٦١٥-١٦٩٦) دیاری کرا، لێرەشدا ئەو لە زەمینەی هزرییانەی دیانی-نوێپلاتۆنییەوە سەرچاوەی گرت: لە روانگەی بێللۆری فۆرمە هەرە کامیلترینە سەرەتاییەکان (واتا ئیدێکان) لە لای خوان؛ هونەرمەندان لەو ئیدێیانە نزیك دەکەونەوە، ئەویش کاتێك ئەوان "لەنێو پێشبینیدا تێگەیەك لەسەر جوانیی باڵاتر گۆڕان پێدەدەن" و ئینجا "جوانێتیی سروشت (بەرێی) ئیدێوە بۆ کامیلێتی" دەفۆرمێنن. بەڵام هاوکات گەرەکە هونەرمەند رەچاوی گۆڕانە پێشکەوتووەکان بکات و جۆرە جیاوازەکانی جوانی پێبزانێ (ئیئتراف پێبکات). لە نووسینەکانی بێللۆریدا ئاشنایەتییەکی بەهێز لەتەك هزری ئێستێتیکییانەی ئەرپستۆتێلیسدا دەردەکەوێ، ئەمەش بەوەدا روون دەبێتەوە، کە ئەو خۆی بە تێگەی میمێزیسەوە لە لای ئەرپستۆتێلیس خەریك دەکات، بەڵام لێرەدا ناتوانێ لە نەسازییە هاوچەرخەکەی نێوان لاسایی سروشت و "جوانکردنی سروشت نەهێڵەر" (م. فۆنتیوس) تێپەڕ بکات. مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە سەدەی هەژدەیەمدا ئاگامەندتر دەبێ لە جیاوازییەکەی نێوان "میمێزیس" و "لاسایی". بەڵام هەروەها ئەو پەرچاندنەش لە لای بێللۆری نوێ-ئەرپستۆتێلیانەیە، کە ئەو لەبارەی رەنگەیەتی (شیمانە) پێی هەڵدەستێ. رێکخستنی سەراپایی رەهاگەرایانەی ژیان کاریگەریی لەسەر پرۆسەکانی هونەر نواند. ئەم رێکخستنە سەراپاییە لەو مەبەستە هونەرییەدا دەردەکەوت، کە نموونەیەکی (واتا مۆتیڤێکی) سەرەکی وەك سەروەر بەسەر سەرجەم توخمەکانی دیکەدا دادەنرا. لەم روانگەیەوە فۆرمی ماتماتیکییانەی پوخت (راسیۆنال) بەکار هێنران (بۆ نموونە هاوجێبەتیی تەواو میحوەرییانە و تەواو وێنەدراوەی کۆشکە رەهاگەراییەکانی وەك ڤێرسای، یان هاوشێوەی ئەمە، رێکخستنی هونەرییانەی باخچە باڕۆکییەکان، بەتایبەتی فەڕەنسییەکان).

**٢-٧ فەڕەنسا**

سەرهەڵدانی ئەکادیمیای فەڕەنسی، بەتایبەتی لەکاتی سەرۆکایەتیی شارل لێبرون و ئەو دانستاندنانەوە سەبارەت بە دەستوورەکانی هونەر، کە ئەو بزواندبوونی، پرواتا بوون بۆ ئێستێتیك و تیۆریی هونەر. لێرەدا بەتایبەتی دوو دێباتی درێژخایەن پرواتان: یەکەم ئەو دێباتە کە ناو نرا "ناکۆکیی کۆن و مۆدێرن"، دووەم ئەو ناکۆکییە کە لە نێوان پوسینیست و رووبینیستەکاندا هاتە گۆڕێ.

کێشەکە لە ناکۆکیی یەکەمدا رووی دەکردە پەیوەندیی سەردەم (ئەمەش لە لوتکەی رەهاگەرایی فەرنسیدا) بە میراتە (بەهێزەکەی) ئەنتیکەوە. شارل پێرۆل و هەندێکی دیکە هەوڵیان دەدا رێژەیەتی بەم پەیوەندییە بدەن، بەڵام بە پێچەوانەوە ن. بۆئالۆ (١٦٣٦-١٧١١) و نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن (...) بەرگرییان لە میراتەکەی ئەنتیکە دەکرد و لێرەشدا جوانیی پێوەرییانەیان (نۆرماتیڤییان) لە جوانێتیی هونەرەوە وەك دەرەنجام دەبردەوە. بەم پێیە ناکۆکییەکە لکێنرا بە سێنسمەندییەوە. ساڵی ١٦٩٢ پێرۆل بە ناوی زەینی دروستی مرۆڤەوە ئەرگومێنتی دەهێنایەوە و "Apologie des femmes"ی نووسی، بەڵام بۆئالۆ، کە زۆر نزیك بوو لە ئەفلگەرایی دێکارتەوە، ئەم نووسینەی رەفز کرد. ئەکادیمیای فەڕەنسی بوو بە نموونەیەك بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، لەو وڵاتانەشدا پێشبینیی پێوەرییانەی کلاسیکیستی بڵاو بوونەوە (لە ئەڵمانیا: گۆتشێد؛ لە روسیا: ترێدیاکۆڤسکی).

هەروەها ناکۆکیی پوسینیست و روبینیستەکانش، کە لەنێو و لە دەرەوەی ئەکادیمیای فەڕەنسیدا نوێنرا، چەند دە ساڵێکی خایاند. کێشەکە لەم ناکۆکییەدا بە هەمان شێوە رووی دەکردە چواندنی یان رێژەیەتیی پێوەرەکان (نۆرمەکان). ناکۆکییەکە، کە خۆی لە نێوان هونەرێکی رەهاگەرایی و هونەرێك لە خزمەتی تاکەکەسدا دەبینییەوە، لە پرسیاری فەزلداندا بە رەسم یان بە رەنگ دەرکەوت. نووسینەکانی رۆجەر دێ پیلێس، کە بەرگرییان لە سێنسگەرایی دەکرد، بۆ روبینیستەکان بەواتا بوون. لە سەرەنجامدا روبینیستەکان لە وەرچەرخانی سەدەی حەڤدەیەمدا بۆ سەدەی هەژدەیەم دێباتەکەیان بردەوە. لە کۆتاییدا ئابێ دو بۆس ساڵی ١٧١٩ رۆڵی فێرکەرانەی هونەری لە بەرژەوەندیی هونەری هەستبزوێنەردا، نوێنەرایەتیکردنی فەرمییانەی (کە مۆرکە سەرەکییەکەی "گراڤیتاس" بوو) لە بەرژەوەندیی چێژی خۆیی و ئاراستەوەرگرتنی هونەردا رووەو "هەست"، رەفز کرد (...). بەم هەڵوێستە پێشبینیی ئەوتۆی ئێستێتیکی بناغەرێژران، کە گونجاو بوون بە هونەری رێگێنس و رۆکۆکۆ.

ئەم پرۆسە هەمەتوێژەی ئاوەڵابوونی سێنسەکان لە رەوتی بەیەکگەیشتن لەگەڵ ریالێتیدا، لەگەڵ ئیرۆسی سنوور بۆ

دیدرۆ تێڕوانینێکی ماتەریالیستیی بەرانبەر ئەو ئێستێتیکە دانا، کە لە کایەی رەهاگەرایی و بەڕێی کلاسیکیزمەوە نوێنەرایەتی دەکرا